گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/f7d7t723

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 18/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 22/09/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، فەیسبوک بەنمونە

**شێرکۆ عبدالرحمن حمد[1]** **بەهادین ئەحمەد محەمەد[2]**

sherko.abdulrahman@uor.edu.krd bahadin.ahmad@spu.edu.krd

[1] بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە :**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستاندا " هەوڵێکی زانستیی و ئەکادیمییە بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و ئاستی بازاڕسازیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)ەوە.

توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیی ڕوپێوییە، کە بە یەکێک لە باشترین جۆر و مێتۆدی توێژینەوەی بواری میدیایی دادەنرێت.

کۆمەڵی توێژینەوەکەی بریتییە لە سەرجەم کۆمەڵگە پزیشکییەکانی سنوری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، هەروەها بۆ دەستکەوتنی داتا و زانیاری و وەرگرتنی سەرنج و بۆچونی کۆمەڵگە پزیشکییەکان لەسەر بەکارهێنانی سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە بواری بازاڕسازیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا ئامرازی فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە.

بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنی زانستی لەگەڵ (٧) کەس لە بەرپرسی یەکە کارگێڕییەکانی کۆمەڵگە پزیشکییەکانی سنورەکە ئەنجام داوە . بیروڕا، سەرنج و تێبینی سەرجەم بەشداربوانی تۆمارکردوە و شیکردنەوەی بۆ کردون.

توێژەر لە دوای شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان گرنگترین دەرئەنجام، کە پێی گەیشتوە دەرخستنی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە بازاڕسازیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەڕێژەی (٣٣.٥٧٪) ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی باشیان لە بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە . هەر بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، دەرکەوتوە زۆرینەی کلینک و ناوەندە تەندروستییەکان زیاتر پشت بە تۆڕی فەیسبوک دەبەستن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕیکلامکردن بۆ ناساندنی خۆیان و بەرهەم و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیان.

**کلیلە وشە:** ڕۆڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بازاڕسازی، خزمەتگوزاری تەندروستی.

# The Role of Social Media in Marketing Health Services in the Kurdistan Region– Facebook as a sample.

**Sherko Abdalahman Hamad[1] - Bahadin Ahmad Mohammad[2]**

[1] Directorate of Media, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Media Department, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University،Sulaimani Kurdistan Region Iraq.

**Abstract:**

This paper, entitled "The Role of Social Media in the Marketing of Healthcare Services in the Kurdistan Region," is an academic attempt to decide about how much social media is in use in the area to help in the advancement of healthcare services. With a focus on all medical services at Raparin Administration, it makes use of a descriptive qualitative approach, which is one of the best methods in the field of Media.

All the medical organizations at Raparin Administration have been used as the medium of the study, where a standardized academic interview form has been created by the researcher to gather information, opinions, and insights from all these organizations about how they use social media for the goals of healthcare service marketing.

Therefore, the researcher has made an interview with seven administrative medical officials in the area and has taken all of their suggestions and opinions into careful consideration along with providing them with accurate analysis.

The most important conclusion drawn by the researcher after careful analysis of the data and information, is that social media is a key factor in health care marketing, with an impact rate of 33.57%. This shows that social media platforms have a great role in the promotion of healthcare services in the Kurdistan Region. Additionally, the results also show that most health facilities mainly depend on Facebook, as their key channel, to publish advertisements and introduce their business, their products as well as their medical services.

**Keywords:** Role, Social Media, Marketing, Healthcare Service

## پێشەکی:

بەهۆی شــۆڕشی زانیارییەکان و ئەو پێشــکەوتنە خێرایەی تەکنۆلۆژیا بەخۆیەوە بینیوە، شــێوازی پەیوەندیکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، وەک هەر سێکتەرێکی تر گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتوە.

لە دنیای ئەمڕۆی دیجیتاڵیدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشــێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییان داگیرکردوە، بەپێی تازەترین ئاماری ڕاپۆرتی(Digital Global Overview) ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەیشــتۆتە (٥.٤١) ملیار بەکارهێنەر، کە ئەو ژمارەیەش دەکاتە (٦٥.٧%)ی تەواوی دانیشـتوانی سـەر گۆی زەوی. لەو ڕێژەیەش پشـکێکی

زۆری بەر کەرتی تەندروستی دەکەوێت. لە ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پردی بەیەکگەیشتنی نێوان خاوەن کاڵاکان و کۆمەڵگەن، لەلایەکەوە ناوەندە تەندروستییەکان، پێویستییان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆئەوەی کاڵا و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی خۆیان بە بەکاربەران بناسێنن، لە لایەکی ترەوە هاووڵاتییان و بەکاربەران بۆ گەیشتن بە کاڵا و خزمەتگوزاری تەندروستی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. لێرەوە ئەرکی توێژەر و ئاکادیمییەکان دەستپێدەکات، بۆئەوەی لە پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بکۆڵنەوە و ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو چالاکییانەدا بخەنەڕو، بۆیە توێژەر هەوڵیداوە لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بکۆڵێتەوەو بەشێوەیەکی زانستی ئەنجامەکانی بخاتەڕو.

ئەم توێژینەوەیە، لە دوتوێی چوار بەشی سەرەکیدا نوسراوە، بەشی یەکەم مێتۆدنامەی توێژینەوەکەیە، کە کارنامەی توێژینەوەکەیە و ڕێبەرییەکی باشە بۆئەوەی توێژەر لەسەر بنەمای زانستی و ئەکادیمی، هەنگاوەکانی توێژینەوەکەی ئەنجام بدات و بگات بە دەرئەنجامی زانستی. بەشی دووەمی بریتییە لە زانیارینامەی توێژینەوەکە تایبەت بە گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. بەشی سێیەم تایبەتە بە گۆڕاوی شوێنکەوتە، کە بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانە. هەرچی بەشی چوارەمە بەشی پڕاکتیکییەکە (کردەنینامە)ی توێژینەوەکەیە، کە تیایدا زانیارییە کۆکراوەکانی فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستی شیکراوەتەوە و لەکۆتاییدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: چەمکە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوەکە

دنیای ئەمڕۆی دیجیتاڵی دەرفەتێکی باشی بۆ ناوەندە تەندروستییەکان ڕەخساندوە، بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بازاڕسازی بۆ خۆیان ئەنجامبدەن، بەڵام نارونییەک هەیە، لەسەر ئەوەی ئایا بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە چ ئاستێکدایە.

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر چەند پرسیارێک دەخاتەڕو.

١- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ ڕۆڵێکیان لە بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا هەیە؟

٢- ئایا بەکاربەران، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دەستکەوتنی زانیاری و دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەکاردەهێنن؟

٣- کامانەن ئەو تۆڕانەی زۆرترین کاریگەرییان لەسەر بازاڕسازی خزمەتگوزاری تەندروستی دروستکردوە؟

٤- ئایا نەخۆشخانە و کۆمەڵگە پزیشکییەکان، تاچ ئاستێک پشت بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن بۆ بازاڕسازی خزمەتگوزاری تەندروستی؟

٥- ئاستی گرنگی ستاف و بەشی میدیا چییە لە ناوەندە تەندروستییەکاندا، بۆ بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان؟

### بایەخی توێژینەوەکە:

یەکەم: لە ڕوی زانستییەوە:

ئەم توێژینەوەیە کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکات لە بواری بازاڕســـازی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و دەبێتە سەرچاوەیەکی باش و گرنگ لەو بوارەدا و توێژەرانی دوای خۆی دەتوانن سودی لێوەرگرن.

دووەم: لە ڕوی کردارییەوە (پراکتیکی):

یارمەتی کلینک و ناوەندە تەندروستییەکان دەدات بۆ گەیشتن بە کڕیارەکانیان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

وا لە کارمەندانی بازاڕســـازی دەکات باشـــترین و گونجاوترین پلاتفۆڕمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاری بازاڕســـازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هەڵبژێرن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- ئاشـکراکردنی ئاسـتی بەکارهێنان و سـودوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بازاڕسـازی خزمەتگوزاری تەندروسـتی لای بەکاربەران.

٣- زانینی ئاستی پلاتفۆڕمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکاندا.

٤- ئاســـتی پشـــتبەســـتنی ناوەنـدە تەنـدروســـتییەکان بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بـازاڕســـازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

٥- دەرخستنی گرنگی بەش و ستافی میدیا لە ناوەندە تەندروستییەکاندا بۆ بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

**جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەڕوی جۆرەوە سەر بە توێژینەوە وەسفییەکانە لەڕوی مێتۆدیشەوە، مێتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە. لەڕوی ئامرازەوە توێژەر بۆ دەستکەوتنی داتاو زانیاری ئامرازی فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە.

**کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:**

**کۆمەڵی توێژینەوەکە** سـەرجەم نەخۆشـخانە تایبەت و کۆمەڵگە پزیشـکییەکانی سـنوری ئیدارەی ڕاپەڕین دەگرێتەوە، کە خزمەتگوزاری جۆراوجۆر لە بواری تەندروستیدا پێشکەش دەکەن.

**مشتەی توێژینەوەکە** بریتین لە: نەخۆشـخانەی (شـاری پزیشـکی ڕانیە، کوردسـتانی تایبەت، دۆسـتی تایبەت) و کۆمەڵگە پزیشکییەکانی (سمارت، سینا، میللەت، بەخشین). توێژەر چاوپێکەوتنی زانستی لەگەڵ بەرپرسە کارگێڕییەکانی کۆمەڵگە پزیشکییەکاندا ئەنجامداوە.

**بوارەکانی توێژینەوەکە:**

- لەڕوی مرۆییەوە: کۆمەڵگە پزیشکییەکانی سنوری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین دەگرێتەوە.
- لەڕوی کات: کاتی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە (٢٠٢٥/٣/٥ -٢٠٢٥/٨/٥) ئەنجام دراوە.
- لەڕوی بابەتیشەوە پلاتفۆڕمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەگرێتەوە.

**پێناسەی چەمک و زاراوەکان:**

١- ڕۆڵ: قەبارەی ئەو گۆڕانکارییەیە، کە گۆڕاوی سەرەکی لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتە دەردەخات.

٢- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: چەند پلاتفۆڕمێکن ســەر بە نەوەی دوەمی ئینتەرنێتن. ڕێگا بە بەکارهێنەران دەدەن هەژمار و لاپەڕەی تایبەت بەخۆیان بکەنەوە، بیرو بۆچونەکانی خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوە و پەیوەندی لەگەڵ کەسانیتردا ببەستن.

٣- بازاڕسازی: کاری کنه و پشکنینی بازاڕە بۆ زانینی خواست و داواکاری خەڵک و گەڕان و دۆزینەوەی کڕیار و ناساندنی کاڵاو فرۆشتنیەتی بە کڕیاران، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی برەوپێدان.

٤- خزمەتگوزاری تەندروستی: هەمو ئەو خزمەتگوزارییانە دەگرێتەوە، کە لە کلینک و ناوەندە تەندروستییەکان پێشکەش دەکرێن.

٥- هەرێمی کوردستان: حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرێمێکە دەکەوێتە باکوری عێراقی فیدراڵ. یەکەم کابینەی لە ساڵی (١٩٩٢) دامەزراوە، تا ئێستا (٩) کابینەی بەخۆیەوە بینیوە. لە چوار پارێزگا پێکهاتوە هەولێر (پایتەخت)، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە.

## باسی دوەم: توێژینەوەکانی پێشو

پێداچونەوە و گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشو، یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی. توێژینەوەکانی پێشو هاوکارییەکی باشی توێژەر دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە، هەروەها بەرچاوڕونی دەدەن بە توێژەر لە هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر چوار توێژینەوەی وەرگرتوە، کە دو توێژینەوە بەزمانی کوردی و یەک توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و توێژینەوەیەکیش بە زمانی ئینگلیزییە.

**یەکەم: تێزی دکتۆرای (سمية فاضل عابد)** بە ناونیشانی (**ڕۆڵی میدیای نوێ لە برەوپێدانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا)** ئەم تێزە ساڵی (٢٠٢٤) پێشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

ئەم تێزە توێژینەوەیەکی وەسفی ڕوپێوییە هەردو ئامرازی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری. کۆمەڵی توێژینەوەکەی سەرجەم ئەو گەشتیارانەن، کە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجەیان کردوە لە ساڵی(٢٠٢٣-٢٠٢٤)، لەگەڵ سەرجەم ئەو بریکار و کۆمپانیا گەشتوگوزارییانەی، کە لە دەستەی گەشتوگوزاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستاندا مۆڵەتیان هەیە و تۆمارکراون. کە تیایدا فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر (٥٠٠) لەو گەشتیارانەدا دابەشکردوە، کە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجەیان کردوە، هەروەها چاوپێکەوتنی زانستی لەگەڵ (١٠) کەس لە بریکارو خاوەن کۆمپانیا گەشتوگوزارییەکاندا کردوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی بریتین لە:**

١_ زانین و دەرخستنی ئاستی میدیای نوێ لە برەودان بە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە.

٢- زانین و ئاشکراکردنی ئەو ئامرازەی میدیای نوێ، کە زیاتر هۆکاربوە بۆ برەودان بە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە.

٣- زانینی ڕادەی سودوەرگرتن لە کاربەرنامەکانی مۆبایلی زیرەک و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ گەیشتنی گەشتیاران بە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە.

٤- زانینی ئەو شێواز و ڕێکارانەی دەگیرێنەبەر لەلایەن کۆمپانیا و نوسینگە گەشتوگوزارییەکانەوە بەمەبەستی برەودان بە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی هەڵەبجە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی میدیای نوێوە.

**گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی، کە پێی گەیشتوە ئەمانەن:**

١_ بەهۆی ئامرازکانی میدیای نوێوە توانراوە برەو بە ناوچەگەشتوگوزارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بدرێت بەتایبەت (ئەحمەدئاوا و زەڵم).

٢- میدیای نوێ توانیویەتی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بە گەشتیارانی ناوخۆ و دەرەوە بناسێنێت، کە پێشتر سەردانی ئەو ناوچەیان نەکردبو.

٣- لەناو شێوازەکانی میدیای نویێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پلەی یەکەمی وەرگرتوە لە برەودان بە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە.

٤- کۆمپانیا گەشتوگوزارییەکان سەردانی مەیدانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی پارێزگای هەڵەبجەیان کردوە و وێنە و ڤیدیۆیان تۆمارکردوە و لە هەژماری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بڵاویان کردۆتەوە.

**دوەم: تێزی دکتۆرای (عەدالەت عبدالله)** بەناونیشانی (**کاریگەری بازاڕسازی لەفەیسبوکدا لەسەر سیاسەتی ئابوری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**) تێزێکی دکتۆرایە لەساڵی (٢٠٢٣) پێشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

ئەم تێزە توێژینەوەیەکی وەسفی ڕوپێوییە هەردو ئامرازی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری. کۆمەڵی توێژینەوەکەی دو بەشە یەکەمیان ستافی ئابوری کەناڵە ئاسمانییەکان، دوەمیان ڕێپێدراوانی بواری بازاڕسازی و ڕیکلام لەوکۆمپانیا بازرگانیانەی هەرێمی کوردستاندا، کە ڕیکلام لە کەناڵە ئاسمانییەکانی مشتەی توێژینەوەکەدا بڵاودەکەنەوە. سامپڵی توێژینەوەکەی، یەکەم بۆ فۆڕمی ڕاپرسی (٧٠) کارمەندی بەشی بازاڕسازی لە حەوت کەناڵی تەلەفزیۆنی جیاواز وەرگرتوە. دوەم سامپڵی ڕێپێدراوانی کۆمپانی بازرگانیی بۆ فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستی (٩) کۆمپانیای وەرگرتوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی بریتین لە:**

١-تێگەیشتن و پەیبردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە پرۆسەی بازاڕسازی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک.

٢-زانینی ڕادەی دڵەڕاوکێ و مەترسی لای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەبەرامبەر پرۆسەی بازاڕسازی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک.

٣-زانینی دیدو ئەزمونی کۆمپانیاکان بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەبواری بازاڕسازی لەفەیسبوکدا و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئابوری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گرنگترین دەرئەنجام کە پێی گەیشتوە:**

**١.** بازاڕسازی لە فەیسبوکدا کاریگەری لەسەر کەم بونەوەی ڕیکلامکردن لە هەندێک کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردوە.

**٢.** بەهۆی ڕیکلامکردنی کۆمپانیاکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نرخی ڕیکلامکردن لە هەندێک لەکەناڵە ئاسمانییەکان دابەزیوە.

**٣.** فەیسبوک جەماوەرێکی زۆری هەیە و خەڵکێکی زۆر بەکاریدەهێنن دەکرێت وەک ئامرازێکی ڕیکلامکردن سودی لێوەربگیرێت.

**٤.** بازاڕسازی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ بازرگانی بچوک و مامناوەند زۆر باش و گونجاوە.

**سێیەم: توێژینەوەی (د.رزق غبریال بسیط)** بە ناونیشانی (**تأثیر التسویق عبر وسائل التواصل الاجتماعي علي نیة الشراء**) لە بەرگی ژمارە (٥٠)ی گۆڤاری زانستی ئابوری و بازرگانی لە ساڵی (٢٠٢٠) بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی سەربەخۆ و شوێن کەوتەی وەرگرتوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کڕیارانی کۆمپانیاکانی مۆبایلن لە میصر لە ساڵی (٢٠١٩). هەروەها مشتەی توێژینەوەکەی هەڕەمەکی بوە (٣٨٤) کەسی لە کڕیارانی مۆبایل وەرگرتوە، هەروەها ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری.

**گرنگترین ئامانجەکانی:**

١_ زانینی کاریگەری چالاکییەکانی بازاڕسازی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر کڕیارانی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری مۆبایل لە میسر.

٢- پێوانەکردنی کاریگەری چالاکییەکانی بازارگەری لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر هۆشیاری براند.

٣- پێوانەکردنی کاریگەری چالاکییەکانی بازاڕگەری لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر وشەی گوتراوی ئەلیکترۆنی.

٤- پێوانەکردنی کاریگەری چالاکییەکانی بازارگەری لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر نییەتی کڕین.

٥- پێوانەکردنی کاریگەری هۆشیاری براند لەسەر نییەتی کڕین.

**گرنگترین ئەودەرئەنجامانەی پێی گەیشتوە بریتین لە:**

١_ بازاڕسازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ئەرێنی لەسەر هۆشیاری براند هەیە.

٢- بازاڕسازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ئەرێنی لەسەر نییەتی کڕین لای کڕیاران هەیە.

٣- توێژینەوەکە دەریخستوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ئەرێنییان لەسەر بازاڕسازی هەیە.

٤- توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخستوە، کە وشەی ئەلیکترۆنی وتراوی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ئەرێنییان لەسەر بازاڕسازی و نییەتی کڕین هەیە.

**چوارەم: ماستەرنامەی** (Sara L. Alden) بە ناونیشانی The role of social media in public health (marketing) ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی تەندروستی گشتیدا. ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی(٢٠١١) پێشکەشی (فاکەڵتی زانستی زانکۆی کارۆلینای باکور لە چاپڵ هیڵ) کراوە،

ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ پەیامە بڵاوکراوەکانی سەنتەری کۆنترۆڵکردن و خۆپارێزی لە نەخۆشییەکان (Centers for Disease Control and Prevention (CDC)) لە ئەمریکا کردوە. کۆمەڵی توێژینەوەکەی دامەزراوە تەندروستییەکانی ئەمریکایەو سامپڵی توێژینەوەکەشی سەنتەری کۆنترۆڵکردن و خۆپارێزی لە نەخۆشییەکانە لە ئەمریکا.

**گرنگترین ئامانجەکانی بریتین لە:**

١_ ئایا ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ناساندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە کۆمەڵی بە ئامانجگیراو؟

٢- ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرن لە دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵی بە ئامانجگیراو؟

٣- ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرن لە کەمکردنەوەی تێچو و بەربەستەکانی بەردەم کڕیاران؟

٤- ئایا دەتوانین ڕۆڵ و کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبسەنگێنین؟

**گرنگترین دەرئەنجامەکان:**

١_ بەرزکردنەوەی ناوبانگ و بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک دەرفەتی نوێ دەدات بە بەڕێوەبەری بەرنامەکان، وەک هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری، بەشداریکردن، بەهێزکردن و پەرەپێدانی بەهرەکان بۆدروستکردنی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری کۆمەڵی بەئامانجگیراو.

٢- ئامێرە زیرەکەکان بەسودن بۆ دەستراگەیشتن بە زانیارییە تەندروستییە باوەڕپێکراوەکان هۆکارێکن بۆگەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بێ گوێدانە کات و شوێن.

٣- دەرکەوتوە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تێچوی بەربەستەکانی بەردەم گۆڕینی ڕەفتار کەمدەکاتەوە، لەڕوی کات و شوێنەوە.

٤- سەنتەری کۆنترۆڵکردن و خۆپارێزی لە نەخۆشییەکان (CDC) پێشنیاز دەکات، ئەو دەزگا تەندروستییانەی ئارەزومەندن بۆ بازاڕسازی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرەتا لەو خزمەتگوزارییانەوە دەستپێبکەن، کە تێچویان کەمە. دوای ئەزمون و شارەزایی و دابینکردنی ستافی تایبەت بەشداریکردنیان فراوان بکەن، لەهەمانکاتدا هەتا بەشداریکردنی وەرگران زیاتربێت، ئەو دەرئەنجامە گەورەتر دەبێت.

**تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو:**

لێرەدا هەوڵدەدەین بەراوردێک لە نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشو بکەین، بەتایبەت خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان دیاری بکەین، پاشان چۆنێتی سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشو بخەینەڕو.

**یەکەم: خاڵە هاوبەشەنی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشو:**

١-لە ڕوی ناونیشانەوە گوراوی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کە(تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)ە لەگەڵ هەمو توێژینەوەکانیتر هاوبەشە.

٢-لە ڕوی بابەتەوە لەگەڵ هەمو توێژینەوەکاندا هاوبەشە، کە بابەتی بازاڕسازییە.

٣-لە ڕوی ڕێبازەوە لەگەڵ هەمو توێژینەوەکان هاوبەشە، کە ڕێبازی وەسفی ڕوپێوییان بەکارهێناوە.

٤-لە ڕوی بەکارهێنانی ئامرازەوە کە بەکارهێنانی فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستییە لەگەڵ توێژینەوەکانی (سمەیيە فاضل عابد، ٢٠٢٤) و (عەدالەت عبدالله، ٢٠٢٣) هاوبەشی هەیە.

**دوەم: خاڵە جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشو**

١- لەڕوی ناونیشانەوە گۆڕاوی واباستەی لەگەڵ هەمو توێژینەوەکاندا جیاوازە جگە لە توێژینەوەکەی ( Sara L Alden 2011).

٢- لەڕوی شـــوێنەوە لە هەمو توێژینەوەکانیتر جیـاوازە، کە ســـنوری ئیـدارەی ســـەربەخۆی ڕاپەڕینی لە هەرێمی کوردستان_عێراق هەڵبژاردوە.

٣- لە ڕوی مشتەوە لە هەمو توێژینەوەکانیتر جیاوازە، چونکە (٧) ناوەندی تەندروستی هەڵبژاردوە.

**سێیەم: سودوەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشو:**

١_ سودوەرگرتن لە ناونیشان و بەراوردکردنی گۆڕاوەکانیان.

٢- سودوەرگرتن لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەک فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستی.

٣- سودوەرگرتن لە شێوازی ڕێکخستن و دابەشکردنی بەشەکان.

٤- بەکارهێنانی توێژینەوەکانی پێشو وەک سەرچاوی زانستی.

## بەشی دوەم: زانیارینامەی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

### چەمک و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: لەڕوی چەمکەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وشـــەیەکی لێکدراوە، لە دو وشـــەی ســـەربەخۆ پێکهاتوە (تۆڕ) گوزارشـــتە لە تۆڕی ئینتەرنێت (Internet Network) و (کۆمەڵایەتی)ش مەبەســـتی لە پەیوەندییەکانی(خەڵک)ە، کە لە سـۆشـیاڵ میدیا (Social Media)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، (Social) مەبەسـت لە

پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکە. هەروەها (Media) بەمانای ڕاگەیاندن دێت و لە زمانی عەرەبیشـــدا (شـــبکات التواصل الاجتماعی)ی پێدەگوترێت **(عبدالله، ٢٠٢١، ٦٨)**.

**پێناســەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** هەرچەندە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک زۆربەی زانســتە مرۆییەکانیتر پێناســەیەکی جێگیرو دیاریکراوی نییە، لە کاتێکدا زاراوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەسفێکی گشتییە بۆ کۆکردنەوەی چەندین شێوازی پەیوەندیکردن، کە بەهۆی تەکنۆلۆژیای ئینتەرنێتەوە چالاکە و پشتگیری دەکرێن **(Rechard K, 2020, 419)**. لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بخەینەڕو:

سادەترین پێناسە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێناسەی فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)ە کە دەڵێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان "ئەو وێبســـایت و ئەپلیکەیشـــنانەن، کە ڕێگە بە بەکارهێنەرانیان دەدەن بە دروســـتکردنی ناوەڕۆک و بڵاوکردنەوەیان" **(oed.com/dictionary/social-media, 1994)**

فەرهەنگی (کامبریج)ی بەریتانی لەبارەی پێناســـەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەڵێت"بریتییە لەو وێبســـایت و بەرنامە کۆمپیوتەرییانەی ڕێگە بەخەڵکی دەدەن بۆ پەیوەندیکردن و هاوبەشـــیکردنی بیروڕا، دەق، وێنە و ڤیدیۆ لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت بەتایبەت پێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان" **(dictionary.cambridge.org/social-media, n.d.)**

لەساڵی (٢٠١٠) هەردو توێژەری بیانی (کەپڵان و هەینلاین) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان پێناسەکردوە، بەوەی"کۆمەڵێک ئەپلیکەشـــنی ئینتەرنێتین، لەســـەر بنەمای ئایدۆلۆژی و تەکنۆلۆژی دامەزراون، ســـەربە نەوەی دوەمی ئینتەرنێتن (web.2) و ڕێگا بە دروســـتکردن وئاڵوگۆڕکردنی ناوەڕۆک دەدەن لەلایەن بەکارهێنەرانەوە" **(Dan V. Dao, 2015, 85)**.

نوسەری کتێبی کۆمەڵگە ئۆنلاینەکان (Maloney-Krichmar) و پرۆفیسۆری بواری کۆمەڵگە ئۆنلاینەکان لە زانکۆی (میەیلاند)ی ئەمریکی (Jenny Preece , Dean) بۆ پێناســـەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێن'بریتییە لە شـــوێنی بەیەکگەیشـــتنی خەڵکی بەچەند ئامانجێکی دیاریکراو، بەجۆرێک ئاڕاســـتەدەکرێت، کە ببێتە مایەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دروســـتبونی **(ئەحمەد، ٢٠٢١، ١٩)**. لێرەوە دەتوانین بڵێین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: کۆمەڵێک پێگەی ئەلیکترۆنین کە ڕێگە بە تاک، گروپ و دەســـتە، کۆمپانیا و کەسی واتایی (مەعنەوی) دەدەن بەشـــداری تێدابکەن و بەسودوەرگرتن لە خزمەتگوزاری تێکست و دەنگ و وێنە و وێنەی جوڵاو بۆ مەبەستی دەربڕینی بیروڕا، بڵاوکردنەوەی زانیاری، پەیوەندیکردن، کاتبەسەربردن، بازرگانی و بازاڕسازی بەکاریانبهێنن.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە چەندین زمانی جۆراوجۆر بەردەســـتن، ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ســـاڵی (٢٠٢٥) بە (٥.٤٢) ملیار بەکارهێنەر مەزەندە دەکرێن، پێشـــبینی دەکرێت ئەو ڕێژەیە زیادبکات بەهۆ بەردەوامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن و مۆبایلە زیرەکەکان **(Stacy, 2025)**.

**تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک خاسییەت و تایبەتمەندی گرنگیان هەیە لە وانە:

١_ جیهانیبون: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەشـــێکی پەیوەندی کردنیان دروســـتکردوە لە کۆمەڵگەیەکی گریمانەییدا، بە جۆرێک تاکەکان لە ســـەرانســـەری دنیا، بێ جیاوازی نەتەوەو، زمان، ئاین، ڕەنگ و دابونەریت دەتوانن بە یەکەوە کۆبینەوە و بیروڕا، زانیاری و بابەتە جۆراوجۆرەکان ئاڵوگۆڕ بکەن**(بن سعید، ٢٠١٦، ٣٣٧)**.

٢- کارلێککار: بەشداربوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کارا و چالاکن، واتە دەتوانن بیروڕا و بۆچونەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، یان لەسەر بابەت و بیروبۆچونەکانی ئەوانیتر گفتوگۆبکەن و سەرنج و تێبینی خۆیان بخەنەڕو **(منصور، ٢٠٢٢، ١٢)**

٣- ئاســـانی لە بەکارهێنان: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ســـەرەڕای هەبونی ڕوکارێکی ڕون بۆ بینین و ناســـینەوەی پیتەکان، چەندین بابەتی سادەو پەیوەست بە زمانی هاوبەشی تێدایە وەک هێما و وێنە و ئیمۆجی، کە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت هەستی زۆر و بیروبۆچونی کەسی پێ دەربڕدرێت **(منصور، ٢٠٢٢، ١٢)**.

٤- فراوانی: مەبەســـت لە فراوانی، دو بواری گرنگ دەگرێتەوە، یەکەم: کۆکردنەوەی هەر سێ ڕەگەزەکەی میدیایە بە نوسراو، بیســتراو، بینراوەوە. دوەم: فراوانە لە زانیاری واتە بڕێکی زۆر داتاو زانیاری لە ســەر هەمو جۆرە بابەتێک تێدایە **(عبدالرزاق، ٢٠١٣، ٤٠)**.

٥- جوڵە و گواستنەوە: پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان،کە بەشێکی سەرەکی ناو مۆبایلە زیرەکەکانن زۆر بە ئاسانی لە شـوێنێک بۆ شـوێنێکیتر جوڵەیان پێدەکرێت، تەنانەت لە ئێسـتادا هاوەڵی مرۆڤ دەکەن، کەم کەس هەیە بۆ چونە دەرەوە و گەشـــت و تەنانەت ســـەرکاری ڕۆژانەش مۆبایلە زیرەکەکەی لەگەڵ خۆیدا نەبات. **(Andrew, et al., 2020, 4)**

٦- ناکاتی: واتە کات و ســـاتی بۆ نییە، مرۆڤ هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنێت، جا بۆ پەیوەندیکردن بێت، یان گەڕان بە دوای زانیاری یاخود بۆ مەبەستی کاتبەسەربردن **(تاڵەبانی &ڕێشاوی،٢٠٢٠، ٢٥)**.

٧- ئازادی: ئەگەرچی دەســەڵات دەتوانێت بەئاسـانی فشـار بخاتە سـەر میدیا نەریتییەکان و سـنورداریان بکات، بەڵام ناتوانێت ئەو فشــار و ســانســۆرە بخاتەســەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بەتایبەت بۆ شــاردنەوە و پەردەپۆشــکردنی ئەو بابەتانەی دەسەڵات دەیەوێت لە خەڵکی ئاساییان بشارێتەوە **(سلێمان، ٢٠٢٤، ٢٠٤)**.

## مێژوی سەرهەڵدان و گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

ســـەرەتای دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاســـتی نەوەدەکانی ســـەدەی ڕابردو، لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. زۆربەی سـەرچاوەکان جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە، کە تۆڕی کلاسـمەیت (Classmate) بە یەکەمین تۆڕی کۆمەڵایەتی هەژمار بکەن. (کلاسـمەیت) لە ساڵی (١٩٩٥) بە مەبەسـتی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان خوێندکاراندا دامەزراوە **(Editor of Encyclopaedia Britannica, 2025)**. دوابەدوای(کلاســـمەیت) چەند پلاتفۆرمێکیتر دەرکەوتن بۆ دروسـتکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، زانسـتی، سـیاسی، ئابوری و ڕۆشـنبیری لە ناو خەڵکیدا، لە وانە تۆڕی (Facebook) لە ســـاڵی(٢٠٠٤) لەلایەن (مارک زوکربێرگ) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزرا **(بن سعید، ٢٠١٦، ٣٣٧)**.

هەروەها لە سـاڵی(٢٠٠٦) تویتەر (Twiter) دەرکەوت. پاشـان بە دوایدا چەند تۆڕێکیتر دەرکەوتن، وەک یوتیوب (Youtube) لەساڵی (٢٠٠٥)، ساڵی(٢٠١٠) ئینستاگرام (Instagram)، لەساڵی (٢٠١١) سناپچات (Snapchat) هەروەهـا تیکتۆک (Tiktok) (٢٠٢٣) **(علی،٢٠١٧، ٢٥)**. ئەمەش وایکرد هەر زو خەڵکی بە شـــێوەیەکی بەرچـاو پێشوازیان لێبکەن و ژمارەی بەکارهێنەرانیان لە سەرانسەری دنیادا گەیشتنە ملیاران کەس **(علی، ٢٠١٧، ٢٥)**.

لە ئێســـتادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پانتاییەکی فراوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی، زانســـتی، ئابوری، ســـیاسی و ڕۆشـــنبیریی هـاووڵاتیـان پێکـدەهێنن بە جۆرێک دابڕان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەلێنێکی گەورە لە ژیـان و گوزەرانی هـاووڵاتییـان دروســـت دەکات، ئەرک و کاری ڕۆژانەیان زەحمەتتر دەکات. بەجۆرێک بێبەش دەبن لە هەواڵ و زانیاری نوێ و ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە جیهاندا ڕودەدەن.

## خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خزمەتگوزارییەکی زۆرو بەرچاو بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فەراهەم دەکەن، لێرەدا گرنگترین ئەو خزمەتگوزارییانە دەخەینەڕو: **(تاڵەبانی &ڕێشـــاوی، ٢٠٢٠ ١٣٦-١٣٨)** ، **(نومار، ٢٠١٢، ٦٨-٦٩)** و **(زمال، ٢٠٢٠، ٣٨)**

یەکەم: دروســـتکردنی هەژماری تایبەتی: پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگا بە بەکارهێنەران دەدەن، هەژمارە و پەیجی تایبەت بەخۆیان دروســـت بکەن، و زانیاری کەسی و شـــوێنی جوگرافی و حەزو خولیاکانی خۆیانی تێدا نمایش بکەن.

سـێیەم: دۆزینەوەی هاوڕێ: هەر کەسـێک بیەوێت دەتوانێت بە بەکارهێنانی بەشی گەڕان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدوای ناوێکی دیاریکراودا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە.

چوارەم: دروســـتکردنی گروپ، بەگوێرەی بەرژەوەندی هاوبەش: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگا بە دروســـتکردنی گروپی تایبەتی دەدەن، چەند کەسێک دەتوانن لە یەککاتدا هەواڵ، زانیاری، وێنە، بیروبۆچون لە نێوخۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن.

پێنجەم: ڕیکلام و بازارِســـازی: کۆمپانیا و خاوەن کاڵاکان زۆر بە ئاســـانی دەتوانن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕیکلام بۆکاڵاکانیان بکەن و بازاڕ بۆ کاڵاکانیان بدۆزنەوە.

شـــەشـــەم: خزمەتگوزاری تەندروســـتی: چەندین پەیج و ئەکاونت بەردەســـتن، کە ڕێنمایی و زانیاری تەندروســـتی بڵاودەکەنەوە، هەندێکجار بەهۆی ئەو ڕێنمایی و زانیارییانەی دەستت دەکەوێت پێویست بەسەردانی نەخۆشخانە و پزیشک نابێت.

حەوتەم: یاری و کاتبەســـەربردن: هەندێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارییان تێدایە بە جۆرێک بەکارهێنەران دەتوانن، لەگەڵ کەسانیتر یاری بکەن، بەگشتی بۆ چێژوەرگرتن و کاتبەسەربردنە، بەڵام هەندێکیان دەتوانن پارەی پێپەیدابکەن.

هەشتەم: بڵاوکردنەوەی بیرورِا، وێنەو ڤیدیۆ: بەکارهێنەران و بەشداربوان دەتوانن، بەنوسینی دەق (تێکست) وێنە و ڤیدیۆو بیروڕای خۆیان بڵاوبکەنەوە.

دەیەم: ڕیل، ســتۆری و پەخشیـ ڕاســتەوخۆ: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندین پەنجەرەی جیاواز و ســەرنجڕاکێشــیان دروستکردوە، تاکو بەکارهێنەر بتوانێت، سـودیان لێوەرگرێت. ڕیل و سـتۆری بۆ ماوەی(٢٤) کاتژمێر دەمێننەوەو پاشـان دەسڕێنەوە، پەخشیـ ڕاســتەوخۆ لە هەرکاتێکدا بتەوێت دەتوانی ڕوداو و چالاکییەکان بەشــێوەی ڕاســتەوخۆ لەگەڵ هاوڕێیان بەش بکەیت.

## گرنگی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کەرتی تەندروستیدا:

بەپێی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەسەر پەرەپێدانی تەندروستی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە هەرێمی ئۆتاوای کەنەدا دەرکەوتوە، کە برەوپێدانی تەندروسـتی هێزێکی گەورە بەخەڵکی دەدات بۆمانەوە و پاراسـتنی تەندروسـتیی خۆیان (Fadhilah, 2023, 23). بەپێی چەنـد لێکۆڵینەوەیەکیتر لە بەریتـانیـا و ئەمریکـا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان بونەتە ســـەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەدەســـتهێنانی زانیاری تەندروســـتی لای گەنجان، لە هەمانکاتدا نەخۆشـــخانە و کلینک و ســـەنتەرە تەندروســـتییەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندییە تەندروســـتییەکان (Maha , et al., 2021, 136). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن یارمەتیدەربن لە بەرزکردنەوەی ئاســـتی هۆشـــیاری تەندروســـتی و دروســتکردنی گۆڕانکاری بەرەو ڕەفتاری ئەرێنی. تەکنۆلۆجیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پێداون و زیادکردنی زانیاری لەســـەر نەخۆشـــییە جیاوازەکان و خۆپاراســـتن لێیان و باشـــتر بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە

تەندروستییەکان. (Fadhilah, 2023, 23). لەسەردەمی سەرهەڵدانی هەریەکە لە پەتای (ئیبۆلا، ئینفلۆنزای بەرازو پەتای کۆڕۆنا) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبو لە پێدانی زانیای بە هاووڵاتییان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان (Maha , et al., 2021, 137)..سەردەمی دیجیتاڵی و دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بە وێب.٢ یان تەندروستی.٢ یاخود پزیشکی.٢ ناسراوە شێوازی گەڕان بەدوای زانیاری و چاودێریکردنی نەخۆشی و ڕاوێژکاری پزیشکی گۆڕیوە بە پشتبەستنی زیاتر بەئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبری پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە پزیشکانەوە (Maha , et al., 2021, 24). بەپێی توێژینەوەیەک بەناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستی لای گەنجانی زانکۆ) کە لە وڵاتی بریتانیا ئەنجام دراوە، دەرکەوتوە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە بواری تەندروستی لە پلەی یەکەم، کاتبەسەربردن بەپلەی دوەم و پەروەردە بە پلەی سێیەم دێت (Maha , et al., 2021, 151). ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان لە بواری تەندروستی و پسپۆڕان بایەخێکی زۆر بە گەیاندنی دوایین هەواڵ و زانیاری لەبارەی پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی زانستی پزیشکی دەدەن، بۆئەو مەبەستەش پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک یوتیوب، پۆدکاست، بلۆگ، ئەکاونت و ماڵپەری تایبەتییەوە. (Michael Patrick, et al., 2021, 142)

لە ئێستادا دەکرێت ئەپە تەندروستییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر پەرەیانپێبدرێت بۆ پشگیریکردنی نەخۆش و هاوکاریکردنیان بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر بنەما تەندروستییەکان ژیان بەسەربەرن. ڕێگەیان پێبدرێت لەڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە زانیارو ئامۆژگاری تەندروستی لە ناوەندە تەندروستییەکان وەربگرن. بەڕێوەبەری کینیکی مایۆ (Scott Eising) لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ دامەزراوەی چاودێری تەندروستی کالیفۆرنیا دەڵێت"بەشێک لە دیدگامان بۆ مایۆ ئەوەنییە تەنها سەنتەرێکی چارەسەری پزیشکیبێت، بەڵکو دەمانەوێت لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چاودێری نەخۆشەکانمان بکەین چ لە ماڵەوەبن یان لە شوێنی کار " (Alden, 2011, 11-12). کەرتی تەندروستیش وەک هەر کەرتێکی تر دەتوانێت سود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرێت بەمەبەستی بازاڕسازی، بەڵاو ئەوەی بازاڕسازی کەرتی تەندروستی لەکەرتەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە پێویستە بە وریایی زیاترەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنێت، چونکە کەرتی تەندروستی مامەڵەکردنە لەگەڵ گیانی کەسانیتر(Molenaar, 2025) .

لەکەرتی تەندروستیدا بڵاوکردنەوەی هەر زانیارییەکی هەڵە لەوانەیە ببێتە هۆی گیان لەدەست دان یان زیان گەیاندن بە تەندروستی کەسەکە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێت بەردەوام زانیارییە کەسییەکانی نەخۆش پارێزراوبن و نهێنییەکانیان باسنەکرێن (Molenaar, 2025).

## بەشی سێیەم: بازاڕسازیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

### باسی یەکەم: بازاڕسازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

### چەمک و پێناسەی بازاڕسازی:

بازاڕسازی یان (بازاڕگەری) لە زمانی عەرەبیدا(التسويق) و لەزمانی ئینگلیزیدا(Marketing)ی پێدەوترێت، لەڕوی زمانەوانییەوە بە مانای خواستی بازاڕ دێت بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، بەڵام وەکو پێناسە دەکرێت بڵێین بازاڕسازی" بریتییەلە هەمو ئەو چالاکیانەی کار بۆ بەدیهێنانی خواست و ڕەزامەندی کڕیار دەکەن، پڕۆسەی فرۆشتن سەردەخەن و لە ئەنجامدا قازانج بەدەستدەهێنن" **(الفقی،٢٠٠٩، ٩).**

(فلیپ کۆتلەر) کە بەباوکی بازارگەری مۆدێرن ناسراوە، لەگەڵ(کلڤن کیلەر) لەکتێبی (بەڕێوەبردنی بازاڕسازی) پێناسەیەکی هاوبەشیان بۆ بازاڕسازی کردوە و دەڵێن "بازاڕسازی بریتییە لە دەستنیشانکردن و دابینکردنی پێداویستییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی قازانج " **(kotler & keller, 2012, 5)**. پێناسەیەکی تری فەرهەنگی ئۆکسفۆرد هەیە کە دەڵێت بازاڕسازی "بریتییە لە چالاکی برەوپێدان و فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بازاڕ و ڕیکلامکردن" **(dictionery, n.d.)**.

لەلایەکیترەوە دەکرێ پێناسەی بازاڕسازی بکەین بەوەی بازاڕسازی پرۆسەیەکی کارگێڕییە بەرپرسە لە دیاریکردنی پێشبینیکردن تێرکردنی پێویستییەکانی کڕیار لەسەربنەمای قازانج **(جاسم ، ٢٠١٢، ١٨)**. لێرەوە دەکرێت پێناسەیەکی گشتگیر بۆ بازاڕسازی بکرێت بەوەی کە بریتییە لە کنەو پشکنینی بازار بۆ زانینی خواست و پێداویستییەکانی خەڵک و دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری بۆ وەڵامدانەوە و تێرکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، دابینکردنی کاڵا بۆ خەڵک و بەدیهێنانی قازانج بۆ براند و کۆمپانیاکە.

## کورتەیەک لە مێژوی سەرهەڵدانی بازاڕسازی:

مێژوی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بازاڕسازی وەک هەر زانستێکی مرۆیی سەرەتای دەرکەوتنی ڕون نییە، بەڵکو بۆچونی جیاوازی لەسەرە. هەندێک سەرچاوی مێژوی بەکارهێنانی ئەو چەمکە دەگێڕنەوە بۆ سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم **(تەها، ٢٠١٨، ٤٩)**.

لە هەمان کاتدا(Richard K.Thomas) لە چاپی چوارەمی کتێبی(بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان) بەکارهێنانی چەمکی بازاڕسازی دەگێڕێتەوە بۆ دەروبەری ساڵی(١٩١٠)، بەکارهێنانی بەشێوەیەکی کرداری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٥٠) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا **(Rechard K, 2020, 3)**.

ئابورناسی ئەمریکی(Robert Bartels) لە هەمویان وردتر و ئەکادیمیتر باسی سەرهەڵدانی چەمکی بازاڕسازی و پەرەسەندن و بەکارهێنانەکانی لە بواری کرداریدا کردوە و بەسەر(٨) دەیەدا دابەشیکردوە **(Brian D G & Eric H., 2002, 47)**.

١٩٠٠-١٩١٠ – سەردەمی دۆزینەوە

١٩١٠-١٩٢٠ – سەردەمی چەمکسازی

١٩٢٠-١٩٣٠ – سەردەمی یەکگرتن

١٩٣٠-١٩٤٠ – سەردەمی گەشەکردن

١٩٤٠-١٩٥٠ – ماوەی هەڵسەنگاندنەوە

١٩٥٠-١٩٦٠ – سەردەمی چەمکسازی

١٩٦٠-١٩٧٠ – سەردەمی جیاکاری

لە ساڵی ١٩٧٠ەوە – سەردەمی کۆمەڵایەتیبون دەستپێدەکات.

## گرنترین ئەو بابەتانەی بازاڕسازیان بۆ دەکرێت:

کاتێک باسی بازاڕسازی دەکرێت ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ کاڵا و کەلوپەل و پێداویستی ڕۆژانە دەچێت، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر بابەتی تر هەن کە بازاڕسازیان بۆ دەکرێت پسپۆڕانی بازارگەری چەند بابەتێکی سەرەکییان خستۆتەڕو کە بازاڕسازییان بۆدەکرێت لەوانە: **(kotler & keller, 2012, 5-7)** ، **(Claude AI, 2024)**

کاڵا و بەرهەم: وەک ئۆتۆمبێل، تەلەفزیۆن، ساردکەرەوە، خواردنی فرێش و خواردنی لە قوتونرا و...هتد.

خزمەتگوزاری: وەک خزمەتگوزارییەکانی هۆیەکانی گواستنەوە، هۆتێل، بانک، پزیشکی و تەندروستی...هتد
بۆنە و ڕوداوەکان: لەوانە پێشانگا بازرگانییەکان، نمایشە هونەرییەکان، ڕوداوە وەرزشییە جیهانییەکانی وەک مۆندیال و ئۆلۆمپیاد.
ئەزمون و شارەزایی: هەندێک جار خەڵکی ئاسایی بە ئەزمونکردنی سەردان و بینین شارەزایی پەیدادەکەن، دەکرێت بازاڕسازی بۆبکرێت.
کەسایەتی و ئەستێرەکان: وەک هونەرمەند، مۆسیقاژەن، پزیشک، پارێزەر، پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی، وەرزشەوانان.
شوێن: وڵات، هەرێم، شار، شوێنی بازرگانی و ناوچە گەشتیارییەکان.
ڕێکخراوەکان: بەخێرخوازی و قازانج ویستەکانەوە.
زانیارییەکان: لە پاکەتکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری بەشی هەرە گەورەی پیشەسازی پێکدەهێنێت.

**پێکهاتەی ئاوێتەی بازاڕسازی(Mix Marketing):**

دەکرێ ئاوێتەی بازاڕسازی وەها پێناسەبکەین، چالاکییەکی پەیوەندیکردنە، خۆی لە نرخ، کاڵا، شوێن و برەوپێداندا دەبینێتەوە، دەر ئەنجامەکشیـ دەبێتە هۆی پێدانی زانیاری لەسەر کاڵاکە بە بەکاربەر و ڕازیکردنی بەکڕین، بۆ تێرکردنی حەز و پێداویستییەکانی **(محەمەد، ٢٠١٩، ٢٠١)** بازاڕسازی کۆمەڵێک چالاکییە کە خۆی لە ستراتیژیەتی خاوەن کۆمپانیاکان و بازرگانەکاندا دەبینێتەوە بە مەستی فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان. ئەو ئاوێتەیەش لە چەند دەستەواژەیەک پێکدێت، کە بە پیتی (p)ی ئینگلیزی دەستپێدەکەن ,**(Gautam, 2022, 582-584)**. **(Anjani & Prayoga, 2024, 2269)**.

**پێکهاتە سەرەکییەکانی ئاوێتەی بازاڕسازی:**

ئاوێتەی بازاڕسازی لە حەوت ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش بریتین لە: **(SIMON , 2022, 8,9,10)**، **(حقار، ٢٠٢٣، ٢٠)**، **(المنصور &زامل، ٢٠١٣، ٢٢٢)**، **(Andy, 2022)**، **(جاسم ، ٢٠١٢، ٢٤)**، **(محەمەد، ٢٠١٩، ٢٠٢-٢٠٤)** و **(جدوع، ٤٢،٢٠١٩-٤٤)**.

یەکەم: بەرهەم(Product)

مەبەست لە بەرهەم ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەیە، کە بۆ فرۆشتن ئامادەکراون. خاڵی جەوهەری بەرهەم ئەوەیە، ئەو کاڵایە، بە جۆرێک پەرەپێدرابێت بەتایبەت لە ڕوی جۆرایەتییەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی کڕیار ڕابکێشێت. بەرهەم نوێنەرایەتی پرۆژە بازرگانییەکە دەکات، بۆیە زۆر گرنگە پێش بەرهەمهێنان لێکۆڵینەوە لە بازاڕبکرێت بۆ زانینی خواست و نرخی هاوشێوەکانی و جوڵەی بازاڕ، بۆئەوەی دڵنیابیتەوە لەبڕی تێچوی بەرهەمەکە و ئەو بڕەی کە پێویستە بەرهەمبهێنرێت

دووەم: نرخ(price)

نرخ زیاتر ڕەهەندی زانستی هەیە لە چاو ڕەهەندی هونەری، چونکە نرخی کاڵا بەگوێرەی قەبارەی تێچوی بەرهەمهێنانی دیاریدەکرێت. ئەوەی پەیوەستە بە بەزاڕسازی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوەیە هەندێک لە خەرجییەکان کەمدەبێتەوە، بەو هۆیەوە دەتوانرێت نرخی کاڵاکە هەرزانتر دیارییکرێت.

سێیەم: شوێن(place)

شـوێنی فرۆشـتنی کاڵا و خزمەتگوزاری، بۆ بازاڕسـازی کۆنباو هەڵبژاردنی شـوێنی جوگرافی گونجاو و دیزاین کردن و نمایشـکردنی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت. سـەبارەت بە بازاڕسـازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شـوێن هەڵبژاردنی پلاتفۆرمێکی باش و گونجاوە بەگوێرەی کاڵاو خزمەتگوزارییەکە.

چوارەم: خەڵک(people)

مەبەسـت لەو کەسـانەن، لە کۆمپانیاکەدا کاردەکەن، کە بەدڵی هەر کۆمپانیایەک دادەنریت، چونکە دڵسـۆزی و لێهاتویی و شارەزایی کارمەندان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە سەرخستنی پرۆسەی بازاڕسازی.

پێنجەم: بەڵگەی بەرجەستە(physical evidence)


هەر شـتێک کە بتوانرێت ببینرێت، دەسـتی لێبدرێت یان ئەزمون بکرێت تاقیبکرێتەوە. ئەوە بۆ فرۆشـتنی فرۆشـگا کۆنباوەکان. بەڵام بۆفرۆشـتنی دیجیتاڵی و بازاڕسـازی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویسـتە بە ڤیدیۆ دەسـت لێدان و ئەزمونکردن پیشانی کڕیاران بدرێت.

شەشەم: پرۆسەکان(processes)

هەمو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسـەی بازاڕسـایدا ئەنجام دەدرێن، بۆ ئەوەی بە باشـترین شـێواز کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە بەکاربەران بناسێنرێن. بەکاربەر و سەردانیکەران ڕازی بکرێن بەکڕینی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان.

حەوتەم: برەوپێدان(promotion)

مەبەسـت لە برەوپێدان ناسـاندنی براندو کاڵاو خزمەتگوزارییە بە کڕیاران، واتە بزانین خەڵکی بۆ یەکەم جار لەچ ڕێگەیەکەوە بەبراندەکەت یان کاڵاو خزمەتگوزارییەکەت ئاشـنابون. یان کام ئامرازە زۆر کاریگەر و سـەرکەوتوە بۆ ناساندنی براند و کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.




شێوەی ١ پێکهاتەکانی ئاوێتەی بازاڕسازی ڕون دەکاتەوە

**برەوپێدان(promotion):**

برەوپێدان بە یەکێک لە توخمە هەرەگرنگەکانی ئاوێتەی بازاڕســـازی دادەنرێت، ئەم توخمە کاریگەری گەورە و ڕاستەوخۆی لەسەر ناساندنی براند و کۆمپانیاکان و ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران و زیادکردنی قەبارەی فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان هەیە. زۆربەی توێژینەوەکان ڕەگەزەکانی برەوپێدان لە چوارخاڵی ســەرەکیدا چردەکەنەوە، کە بریتین لە ڕیکلام (Adertising)، پەیوەندی گشــتی(Public Relation)، فرۆشــتنی کەسی (Personal Selling)، پەرەپێدانی فرۆشتن(Sales Personal) **(القرعان،٢٠٢٣)**

**پێکهاتەکانی ئاوێتەی برەوپێدان(Mix Promotion):**

ئاوێتەی برەوپێدان بەیەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاوێتەی بازاڕسازی دەژمێردرێت، کە کاڵا، نرخ، شوێن و برەوپێدان دەگرێتەوە. برەوپێدانیش لەچەند توخمێک پێکدێت کە ئاوێتەی برەوپێدانی پێدەوترێت، کە بەیەکەوە یەکدەگرن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ســـەرەکی، کە خۆی لە ئاگادارکردنەوەو پێدانی زانیاری لەســـەر کاڵاو بەرهەم و ڕازیکردنی بەکاربەر بەکڕینی بەرهەمەکە **(حافظ، ٢٠٠٩، ٤٥)**.

**یەکەم: ڕیکلام(Adertising):**

ڕیکلام پرۆسـەیەکی پەیوەندیکردنی ناکەسـییە، ئامانجی دروسـتکردنی کاریگەری فرۆشـیارە بەسـەر کڕیارەوە، لەڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە. ڕیکلام هەمو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە بەشێوەی ناکەسی ئاراستەی گروپێک دەکرێن بەمەبەسـتی ناسـاندنی کاڵا، بەرهەم وخزمەتگوزاری **(عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤، ٣٩)**. ئامانجی هەر بازرگانێک زیادکردنی ڕێژەی فرۆشـتنی کاڵاو خزمەتگوزارییە بەشـێوەیەکی بەردەوام و دروسـتکردنی وێنەیەکی خوازراو و بەرزکردنەوەی ناوبانگ لەناو

بیرو هۆشی بەکاربەراندا. ئەمەش بە ئەنجامدانی ڕیکلامی بەردەوام و پێدانی زانیاری سەبارەت بە تازەترین کاڵا و بەرهەمی بەردەســـت (**یونس آل مراد ، الملاحســـن، ٢٠٠٩، 41** ) بە تێگەیشـــتن لە کاردانەوەی خەڵک لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاری لەڕەفتارەکانیاندا، بازرگانان بۆیان دەرکەوت، کە ڕیکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێگەی ڕیکلامی چاپکراو، ڕادیۆو تەلەفزیۆنییان بۆ دەگرێتەوە (**Chawdhary, 2021, 21**). ئەمەش وایکردوە، کەکۆمپانیا و دامەزراوەکان ئینتەرنێت بەکاربهێنن و لاپەڕە و هەژماری تایبەت بەخۆیان دروســـتبکەن، وەک ئامرازێکی نوێ بۆ ڕیکلامکردن و برەودان بەبراند و بەرهەمەکانیان بەکاریانبهێنن و لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ و گرافیک لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کاڵاو بەرهەمەکانیان بناسێنن و بازاڕیان بۆپەیدا بکەن (**مزراق &میر، ٢٠٢٠، ٥٤٦**)

**دوەم: پەیوەندی گشتی(Public Relation):**

پەیوەندییە گشـتییەکان چەندین پێناســەی جیاوازی بۆکراوە بەپێی جیاوازی پســپۆڕ و شــارەزایان، پێناســەی فەرمی پەیمانگای پەیوەندییەگشـتییەکانی بەریتانی دەڵێ 'پەیوەندییە گشـتییەکان هەوڵێکی کارگێڕی فەرمی بەردەوامە، کە ئامانج لێی مانەوەو پاڵپشـــتیکردن و لێکتێگەیشـــتنی هاوبەشـــە لەنێوان ڕێکخراو و جەماوەرەکەیدا (**العلاق و ربابعة، ٢٠١٠، ٣٦**).

یەکێکیتر لە پێناســەکان 'پەیوەندی گشــتی بریتییە لە چالاکییەکی پەیوەندیکردنی نەخشــەســازیکراو لێتوێژراوە، لەســەر بنەمایەکی زانستییانەی توێژینەوە بنیادنراوە، ئامانجیشی هێنانەدی ناوبانگێکی باشی دامەزراوەکەیە لای جەماوەرەکەی و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوانیان'(محمد ٢٠١٩، ١٣٢).

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کەســـەرکەوتنی هەر ڕێکخراوێک، پەیوەســـتە بەتوانای خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکانی دەوروبەریدا، بۆیە ئەرکی پەیوەندییە گشـتییەکان ئەوەیە ڕونکردنەوە لەســەر ئەرک وئامانجەکانی ڕێکخراو یان دامەزراوەکە بخاتەڕو، پەیوەندییەکی دروســت و هاوســەنگ لەگەڵ دەوروبەریدا دروســت بکات، لەســەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش (**یونس آل مراد و الملاحسن، ٢٠٠٩، ٤٤**)

**ئەرکە سەرەکییەکانی پەیوەندی گشتی**

بەشی پەیوەندییە گشـــتییەکان، لە هەر ڕێکخراو و کۆمپانیایەکدا چەند ئەرکێکی هەیە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە: (**محەمەد، ٢٠١٢، ٨٩**)، (**Linjuan, et al., 2020, 5**).

**١.** بەردەوامیدان بە وێناکردنی ڕێکخراوەکە.
**٢.** ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە ڕێگەی پێدانی زانیاری بەمەبەستی ئاشناکردنیان بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە.
**٣.** ناساندنی کاڵاو بەرهەمی نوێ بە جەماوەر.
**٤.** پاڵپشتیکردنی فرۆشتن.
**٥.** چاودێریکردنی بازاڕ.
**٦.** پاراستنی پەیوەندییەکانی ناو خۆی ڕێکخراو و دەرەوە.
**٧.** پەرەپێدان و پاراستنی پەیوەندی میدیایی.

**سێیەم: فرۆشتنی کەسی(Personal Selling):**

مەبەســت لە فرۆشــتنی کەسی بریتییە لە پێشــکەشــکردنی کەسی و زارەکی لەســەربنەمای پەیوەندی ڕوبەڕو لەنێوان فرۆشیار وکڕیار. ئامانج لێی ڕازیکردنی بەکاربەرە بۆ کڕینی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکە (**العلاق &ربابعة، ٢٠١٠، ٣٤**).

ئەرکی سەرەکی فرۆشتنی کەسی دۆزینەوەی کڕیاری گونجاوە بۆ کاڵای گونجاو، بە جۆرێکیتر لە فرۆشتنی کەسیدا هەوڵدەدرێت پەیوەندی و نزیکایەتی نێوان تایبەتمەندی و داخوازی کڕیار و تایبەتمەندی کاڵا یان بەرهەمەکە بدۆزرێتەوە (**العلاق &ربابعة، ٢٠١٠، ٣٤**). ئامانجی ئەو شێوازە زیادکردنی لایەنی مرۆڤایەتییە. چونکە فرۆشیار پشت بەتواناکانی خۆی دەبەستێت و تەکنیک و دەستەواژە تایبەتییەکانی هونەری مامەڵە و گفتوگۆی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ ڕازیکردنی کڕیارەکەی. لەم شێوازەی فرۆشتنە چوستی و لێهاتویی فرۆشیار ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەدروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کڕیارەکە و بەدەستهێنانی متمانە و کردنی بە کڕیاری هەمیشەیی(www.daftra.com/hub/البيع-الشخص).

**چوارەم: برەوپێدانی فرۆشتن(Sales Promotion):**

پەرەپێدان یان برەوپێدانی فرۆشتن بە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئاوێتەی برەوپێدان دەژمێردرێت، کە هانی زیادکردنی خواستی بازاڕ دەدات و بەرهەم و پێویستیی تەواویان بۆ دابینەدەکات. ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ فرۆشتنی گشتی و ڕیکلام و پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجام دەدرێت. پەرەپێدانی فرۆشتن ماوەیەکی کورت و دیاریکراوی هەیە و ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی بۆی تەرخاندەکرێت سنوردارن (**Donahue, 2022, p. 357**). کەواتە پەرەپێدانی فرۆشتن برییە لە پلانی ستراتیژی بازاڕسازی کە کۆمپانیەیەک هەڵدەستێ بە پێشکەشکردنی چەند ئۆفەرێکی جیاواز بۆماوەیەکی دیاریکراو بەمەبەستی زیادکردنی خواست لەسەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی(**Kelwig, 2023**) .

**پێنجەم: بڵاوکردنەوە(Publish):**

چالاکییەکە لە ڕیکلامەوە نزیکە، چونکە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تێدا بەکاردەهێنرێت، تیایدا هەواڵ و ڕاپۆرت لەسەر ڕێکخراوەکە بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە ئەوەیە ڕێکخراوەکە خۆی ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانە دروست ناکات و ناشتوانێت ناوەڕۆک و زانیاری و کاتی پەخشکردنی دەسکاری بکات، لەبەرمبەریشدا هیچ برەپارەیەک نادات (**محەمەد، ٢٠١٩، ٢٠٠٢**)

**شەشەم: فرۆشتنی ڕاستەوخۆ(Direct Marketing):**

کۆمپانیاکان، یان خاوەن کاڵا و بەرهەمەکان، بەبێ بەشداریکردنی کەسی سێەم پرۆسەی فرۆشتن ئەنجام دەدەن، واتە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازێکی پەیوەندیکردن، پەیوەندی بە بەکاربەرانەوە دەکەن، زانیاری لەسەر جۆر و کوالێتی و چۆنییەتی بەکارهێنان و چەندین زانیاریتری گرنگ دەدەن بە بەکاربەران بۆئەوەی ڕازییان بکەن، بەکڕینی کاڵاو بەرهەمەکانیان (**جاسم ، ٢٠١٢، ٢٤٩**). لەسەردەمی ئێستادا فرۆشتنی ڕاستەوخۆ ئاسان بوە، لەبەرئەوەی ئامرازی نوێ و کاریگەر پەیدابون بۆ پەیوەندیکردن بە بەکاربەران وئاگادارکردنەوەیان، لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە (**Oliyad & , Shimels , 2011, 238**).

**جۆرەکانی بازاڕسازی:**

بازاڕسازی بەشێوەیەکی سەرەکی دو جۆرە، بازاڕسازی کۆنباو و بازاڕسازی ئەلیکترۆنی (**التسويق, ٢٠٢٤**)

**بازاڕسازی نەریتی(کۆنباو)(Traditional Marketing):**

ئەو شێوازە کۆنەیە، کە کۆمانیاکان بۆبرەودان بەکاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەکاریدەهێنن واتە بەکارهێنانی هۆکارەکانی میدیای کلاسیک وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار، بۆناساندنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

**بازاڕسازی ئەلکترۆنی (Digital Marketing):**

بازاڕســـازی ئەلیکترۆنی بەناوەکەیدا جیادەکترێتەوە کە شــێوازێکی ژمارەیی (دیجیتاڵ)ی بەکاردەهێنێت بۆگەیشـــتن بەکڕیارەکانی بەبەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت.

**جۆرەکانی بازاڕسازی ئەلکترۆنی:**

**یەکەم: بازاڕسازی لەڕێگەی بزوێنەری گەڕان(search engine marketing):**

مرۆڤ، لەهەر کوێیەک بێت لەڕێی مۆبایلەکەی دەســـتییەوە دەتوانێت بەدوای کاڵاو خزمەتگوزاری و زانیاریـدا بگەڕێت و بەدەستییان بێنێت. بزوێنەری گەڕان بەجۆرێک پرۆگرام کراوە هەمو بابەت و پێکهاتەکانی ناوخۆی شارەزایەو دەیانناسێتەوە (nasser, 2022).

**دوەم: بازاڕسازی لە ڕێگەی نامەی ئەلکترۆنی(email marketing):**

خۆی دەبینێتەوە لە دروســـتکردنی لیســـتێک لە(email) نامەی ئەلکترۆنی ناردنی ڕیکلام و زانیاری لەســـەر کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لەڕێگای نامەی ئەلکترۆنییەوە (nasser, 2022).

**سێیەم: پارەدان بەپێی کرتە(pay per click. Ppc):**


جۆرێکیتری بازاڕســـازییە لەبازاڕســـازی ئەلکترۆنی، خاوەن کۆمپانیاکان ڕاســـتەوخۆ پارەنادەن بۆ ڕیکلامکردن، بەڵکو کاتێک پارەکە دەدەن کە بەکارهێنەران کلیک یان کرتە لەســـەر ریکلامەکەدەکەن، ئەم جۆرە پارەدانە دادوەرانەترە لە جۆرەکانیتری پارەدان (Sandeep & Arjita, 2019, 263).

**چوارەم: بازاڕسازی لەڕێگە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە(social media marketing):**

ســـەرجەم پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک (فەیســـبوک، تویتەر، یوتیوب، ئینســـتاگرام، ســـناپچات وتیکتۆک) سەکۆی گرنگ و پێشکەوتون بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی کۆمپانیاکان و بازاڕسازیکردن، بۆ براندکردن و بەدەســتهێنانی ســەرنج و ڕەزامەندی کڕیاران، کە زۆر لە فرۆشــتنی کاڵا گرنگترە، ئەوەش بەدروســتکردنی پەیوەندییەکی دروســت و ناوەڕۆکی بەهێزو بەدەمەوەهاتن و ڕێزگرتنی جەماوەرەکەی (Friends &Followers) فرێندو فۆلۆوەرەکان دەبێت.(nasser, 2022)

**پێنجەم: بازاڕسازی وشەی زارەکی(WOMM):**

تاکتیکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنریت بەمەبەستی دروستکردنی گفتوگۆ لەسەر براندێک یان بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی، بەجۆرێک بەکاربەران باسی ئەزمون و شــارەزایی خۆیان لە بارەی ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییەکە دەخەنەڕو ئەمەش وادەکات متمانەی زیاتر لە لای خەڵکی دروست بکات (GRONROOS, 2015, 316).




شێوەی ٢ جۆرەکانی بازاڕسازی ئەلیکترۆنی ڕون دەکاتەوە.

**بازاڕسازی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە (social media marketing):**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی پەیوەندیکردنی بازاڕسازی دادەنرێت، بۆ گەیشتن بەکڕیار و دروستکردنی پەیوەندی و پاراستنی پەیوەندییەکە و مانەوە لەگەڵیاندا، بەکەمترین تێچو، لەکاتە جیاوازەکانی ڕۆژدا، ئەمەش وایکردوە ببێتە یەکێک لە گرنگترین ئامانج و جێ بایەخە سەرەکییەکانی زۆرێک لەبراندەکان **(بسیط، ٢٠٢٠، ٤٤٤).**

**پێناسەی بازاڕسازی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا:**

بریتیە "لە بەڕێوەبردن و بەرەوپێشبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تیشک خستنەسەر دروستکردنی ناوەڕۆک و چاودێریکردنی ڕێژەی بەشداربوان شیکردنەوەی قەرەباڵغی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمپانیاکە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە بانگەشەبۆکراوەکە لە پلاتفۆرمەجیاوازەکانیدا" **(Pandjaitan, 2024, 254)**. بازاڕسازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شێوەیەکە لەشێوەکانی بازاڕسازی ئەلیکترۆنی، بازرگانان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کڕیارەکانیاندا لەکۆمەڵگەیەکی گریمانەییدا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بەکاربەران سەبارەت بەگرنگی و بایەخی کاڵاو بەرهەمەکانییان **(مزراق و میر، ٢٠٢٠، ٥٤٥)** .لەهەمان کاتدا کۆمەڵەی بازرگانی ئەمریکی(AMA) پێناسەی بازاڕسازی دیجیتاڵی دەکات بەوەی کە: بریتییە "لە لەبەکارهێنانی کەناڵە دیجیتاڵییەکان بۆ برەودان بەبراندێک یان گەیشتن بە بەکارهێنەران. ئەم جۆرە لەبازاڕگەرییە لەڕێگەی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەبەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک و ئامێری زیرەکیتری وەک کۆمپیوتەر و ئایپاد ئەنجام دەدرێت" **(AMA, n.d.)**.

**فەیسبوک(Facebook):**

فەیسبوک؛ بە یەکێک لە گەورەترین و فراوانترین پێگە(پلاتفۆرم)ەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێت، بەملیۆنان بەکارهێنەری هەیە، سەرەتاو لە ئۆکتۆبەری ساڵی(٢٠٠٣) بە ناوی(Face Mash) فەیس ماش دەستی پێکرد، پاشان لە شوباتی ساڵی(٢٠٠٤) ناوی گۆڕا بۆ(Facebook) ئەم پلاتفۆڕمە(مارک زوکر بیرگ) لەگەڵ هاوڕێکانی لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکا دایان مەزراند **(Thomas & Bhat, 2020, 273)**.

سەرەتا فەیسبوک تایبەت بو بە پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوخۆی خوێندکارانی زانکۆی هارڤارد لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، پاشان خوێندکارانی کۆلێژەکانی تری شاری بۆستن ڕێگەیان پێدرا بەکاری بهێنن، بەمەبەستی پەیوەندیکردن و مانەوەی ئەو پەیوەندییە دوای تەواوکردنی خوێندنی(**نومار، ٢٠١٢، ٥٥)**. پاشان فەیسبوک کاری زیاتریان تێداکراو فراوانیان کرد تاکو سەرئەنجام سەرجەم خوێندکارانی ئەمریکا و کەنەدا توانییان بەشداری تێدا بکەن. لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنیەوە بەکارهێنەران تەنها دەیانتوانی وێنە و زانیاری کەسی خۆیانی تێدا نمایش بکەن، تاکە مەرجیش ئەوەبو تەمەنی خوێندکار لەسەرو ١٣ ساڵەوەبێت **(Thomas & Bhat, 2020, 273)**. لە ئەبدەیتی نیسانی(٢٠٢٤) ماڵپەڕی (باکلینکۆ) فەیسبوک وەک فراوانترین پلاتفۆرمەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبژێردراوە. بەکارهێنەرە چالاکەکانی فەیسبوک لەسەر ئاستی جیهان مانگانە ٣،٠٧ملیارە بۆ هەرمانگێک **(Backlinko, 2024)**. لە ئێستادا فەیسبوک بە زۆربەی زمانە جیاوازەکانی جیهان بەردەستە، هەروەها لە ئۆکتۆبەری ساڵی(١٩٢١) مارک زوکەر بیرگ هەریەکە لە فەیسبوک و ئینستاگرام و واتسئەپ و مێسنجەری وەک بەشێک لە کۆمپانیای مێتا ناساندن، فەیسبوک یەکەم گرنگترین ئەپی کۆمپانیای مێتایە. **(Thomas & Bhat, 2020, 273)**.

(سالی دینان) لە بەهاری ساڵی ٢٠١١ لەگۆڤاری(Success) بەجۆرێک باسی فەیسبوک دەکات و دەڵێت "ئەگەر فویسبوک دەوڵەت بوایە ئێستا سێیەم گەورەترین دەوڵەتی جیهان دەبو لە دوای صین و هیند، چونکە هەموکاتژمێرێک بەسەدان کەس پەیوەندی پێوەدەکەن " **(لیفنسون، ٢٠١٥، ٣٣)**

**گرنگی و ئامانجەکانی بازاڕسازی تۆڕی فەیسبوک:**

بازاڕسازی لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک چەند ئامانجێکی هەیە، کە ناتوانرێت لەڕێی بازاڕسازی تەقلیدی بەدی بهێنرێن لەوانەش: (الجعبری ٢٠١٥).

**کەمکردنەوەی تێچو:** پرۆسەی بازاڕسازی لە شێوازی کۆن و تەقلیدیدا تێچوی زیاترە بەراورد بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. کرێی شوێن و ڕیکلام کردن لەئامرازەکانی ڕاگەیاندنە کۆنباوەکانی وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا تێچویەکی زیاتری هەیە، بەڵام لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کرێی شوێن نادرێت ڕیکلام کردنیش ئەلکترۆنیەو زۆربەئاسانی ئەنجام دەدرێت.

**تێپەڕاندنی سنورەکان:** پێشتر کۆمپانیاکان تەنها مامەڵەیان لەگەڵ کڕیاری نێوخۆیی دەکرد، بەڵام ئێستا کۆمپانیاکان دەتوانن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتەوە مامەڵە لەگەڵ کریارە نێودەوڵەتییەکانیش بکە.

**ئازادبون لەکۆت وبەندی سنوردارکردن:** لەڕابردودا کۆمپانیاکان پێویستییان بەمۆڵەتێکی دیاریکراو هەبو، کەپابەندبو بەچەند یاسایەکەوە ئەویش خەرجی و تێچویەکت زۆری هەبو لە کردنەوەی لق و نوێنەرایەتی تازە لەوڵاتە بیانییەکاندا.

**فراوانی بون:** بازاڕسازی تەقلیدی پێویستی بەشوێنێکی دیاریکراوی بەرجەستە هەیە بۆ نمایشکردنی کاڵاکان و کڕیاران بتوانن سەردانی بکەن، ئەمەش وادەکات تەنها کڕیاری ناوخۆیی بتوانن سەردانی بکەن و کاڵا بکڕن بەڵام لە بازاڕسازی

ئەلکترۆنیدا شوێن ناو مۆبایلی کڕیارەکانەو پێویستی بەسەردانیکردن نییە تەنها بەکلیکێک دەتوانیت کاڵاکەت بکڕیت و لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەبیت بەمەرجێک هێڵی ئینتەرنێتی لێبێت.

**جیاوازی نێوان بازاڕسازی کۆنباو لەگەڵ بازاڕسازی لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

یەکەم: بازاڕسازی نەریتی(کۆنباو):

ئەمشێوازەی لە بازاڕ سازی پێویستی بەشوێنێکی فیزیکی یان جوگرافی واتە دوکانێک، مارکێتێک یان مۆڵێک هەیە بۆئەوەی فرۆشیار وکڕیار تیایدا چاویان بەیەکتر بکەوێت بەتایبەت بۆ بینین و ئەنجامدانی مامەڵەکردن. **(سادق, ٢٠١٩، ٢٠-٢١).**

| بازاڕسازی نەریتی(کۆنباو) | بازاڕسازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان |
|---|---|
| **پێویستی بەشوێنێکی وەک دوکان و مارکێتە.** | پێویستی بە پلاتفۆڕمێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە وەک فەیسبوکە |
| **بەرهەمەکان بەرجەستەن و دەستلێدراون** | بەرهەمەکان وێنەیی وڤیدیۆیی پیشان دەدرێن |
| **مەمەڵەکان بەشێوەی ڕوبەڕو ڕاستەوخۆن.** | مامەڵەکان بەشێوەی چاتی نوسراویان دەنگین. |
| **تێچو یان خەرجی زۆرە.** | خەرجی کەمترە. |
| | |

خشتەی ١ جیاوازی نێوان بازاڕسازی کۆنباو و بازاڕسازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕون دەکاتەوە.

**باسی دووەم: خزمەتگوزاری تەندروستی**

**چمک و پێناسەی خزمەتگوزاری تەندروستی:**

لەڕوی چەمکەوە: لە زمانی کوردی(خزمەتگوزاری تەندروستی) پێدەوترێت. لەزمانی ئینگلیزی(Healthy Service) لەبەرامبەردا لە زمانی عەرەبی(الخدمات الصحی) پێدەڵێن. خزمەتگوزاری تەندروستی لە دو وشەی سەربەخۆ پێکهاتوە(خزمەتگوزاری) هەمو ئەو کاڵاو بەرهەم و چالاکیانە دەگرێتەوە، کەوەکو خزمەت پێشکەشی کەسێک یان کۆمەڵەکەسێک دەکرێن(تەندروستی) ئاماژەیە بۆجەستەیەک کەئەندامەکانی بەبێ گیروگرفت چالکییەکانی ئەنجام دەدان **( المعاجم العربية).**

لەڕوی پێناسەوە: خزمەتگوزاری تەندروستی بریتییە لە بەڕێوەبردن و دابینکرنی زنجیرەیەک پێداویستی وەك: چاودێری تەندروستی، بەرەوپێشبردنی خۆپارێزی، دەستنیشانکردنی نەخۆشی وچارەسەرکردن، لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییە تەندروستییەکان **(WHO, 2019)**. خزمەتگوزاری تەندروستی تەنها خزمەتگوزاری پزیشکی و چاودێریکردنی نەخۆش ناگرێتەوە، بەڵکو زۆرجار خزمەتگوزاری تەندروستی وەک سیستمێک لەدامەزراوەکاندا ڕێکدەخرێت، بۆدابینکردنی خزمەتگوزاری و وەڵامدانەوەی پێداویستی دانیشتوان.

دەکرێت خزمەتگوزاری تەندروستی پەروەردەی تەندروستی، پەرەپێدانی تەندروستی، یان خزمەتگوزاری ژینگەیی، پاکوخاوێنی بێت **(pallipedia.org, 2018)**. هەروەها دەتوانین خزمەتگوزاری تەندروستی بەوە پێناسەبکەین،

بەشێکە لەسیستمی تەندروستی، کەگرنگی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی دەدات لەناو کۆمەڵگادا.سیستمی تەندروستی پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لەپەیوەندی نێوان دانیشتوان و دامەزراوە تەندروستییەکان لەخۆدەگرێت (Lambrini , et al., 2021, 498). ڕێکخراو و دامەزراوە تەندروستییەکان، یان گشتین یان تایبەتین. دەتوانن قازانج خوازبن یان قازانج نەویستبن، زۆرجار دو دامەزراوەی جیاواز لەسەربنەمای بەرژەوەندی هاوبەش دەتوانن یەکبگرن بۆوەڵامدانەوەی خێراتری خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی هاووڵاتیان (Lambrini , et al., 2021, 499).

لەڕوی مێژوییەوە: سەرەتای یەکەمین خزمەتگوزاری تەندروستی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی(میزۆپۆتامیا، میصری کۆن، چین، هیندستان) لە زۆربەی ئەو شارستانێتیانە سەرەتای چارەسەرکردنەکان، چارەسەری ڕۆحی بون، وەک(دوعاکردن، ئاوی پیرۆز، پاکبونەوە لە تاوان)، دواتر گژو گیاو پێکهاتەی تر وەک خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی مرۆڤ دەکرا. لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاری و شارستانێتی مرۆڤ بەرەبەرە خزمەتگوزاری تەندروستیش پێشکەوت تاکو دروستکردنی نەخۆشخانەکان (Saliha & Şafak, 2015, 396).

**بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا:**

لەڕوی مێژویەوە دەسپێکی بازاڕسازی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەوردی دەستنیشان نەکراوە بەڵام(Rechard k)لە کتێبی(Marketing Health Services) بازاڕسازی خزمەتگوزارییەتەندروستییەکان باسی لەوەکردوە، کەسەرەتای بەکارهێنانی دەستەواژەی بازاڕسازی دەگەڕێتەوە بۆساڵی(١٩١٠) بەڵام وەک کرداری بازاڕسازی دەگەڕێتەوە بۆساڵی(١٩٥٠) لەئەمریکا (Rechard K, 2020, 3)

لەڕوی پێناسەشەوە فلیپ کۆتلەر پێناسەی بازاڕسازی تەندروستی دەکات بەوەی" بریتییە لە شیکارکردن، پلاندانا، جێبەجێکردن وچاودێریکردنی بەرنامە ئامادەکراوەکان بۆگەیشتن بە بەهای ئاڵوگۆڕی ئارەزومەندانە لەگەڵ بازاڕی بەئامانجگیراو بۆگەیشتن بەو ئامانجە دامەزراوە تەندروستییەکان بەدوایدا دەگەڕێن" **(راویە، ٢٠٢٤، ٥)** لەڕوی ناوەڕۆکی تەندروستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکەناڵێکی گرنگی پەیوەندیکردن دادەنرێت، کەدەتوانرێت لەچوارچێوەی هەڵمەتێکی گەورەی بازاڕسازی تەندروستیدا ڕێکبخرێت، کە هەمو چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەخۆی بگرێت، کەتەکنۆلۆژیاو پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان هاوڵیاتییان ڕێک بخات (Alden, 2011, 4).

**بازاڕسازی تەندروستی چۆن سود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت:**

کۆمپانیاو ناوەندە تەندروستییەکان دتوانن بەشێوەیەکی کاریگەرو سەرکەوتو پەیامەکانیان بگەیەنن بە وەرگرە ئامانجگیراوەکانیان لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵاکایەتییەکاندا فەیسبوک بەنمونە **(التسويق الصحي، ٢٠٢٤)**، (Blueprint, 2021)، (Hootsuite, 2026)، (Dan & Alison, 2011, 65-70)، (Borkakoty, 2025)

١- هەڵبژاردنی پلاتفۆرمێکی گونجاوی وەک فەیسبوک .
٢- ڕێکخستنی تەواوی لاپەڕەکە، بە دانانی ژمارە، مۆبایل، شوێن(Location)، ئیمێل، زیادکردنی دوگمەی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ
٣- بەکارهێنانی ناوەڕۆکی گەنجاو و کاریگەر.
٤- گێڕانەوەی چیرۆکی سەرکەوتنەکان.
٥- دروستکردنی گروپ تایبەتمەند.
٦- ڕیکلامکردن و سپۆنسەرلێدان.

## بەشی چوارەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستی:

**یەکەم: پێناسە**

چاوپێکەوتنی زانستی گفتوگۆیەکی زانستییە، لەنێوان توێژەرو کەسانی پەیوەنیدار بەتوێژینەوەکە، بەمەبەستی گەیشتن بەهەندێک داتا و زانیاری پێویست بۆ توێژینەوەکە **(ڕێشاوی و تاڵەبانی، ٢٠٢٣، ٩٤).**

توێژەر بۆ ئەنجام دانی چاوپێکەوتنی زانستی (٧) ناوەندی تەندروستی وەرگرتوە، سێ نەخۆشخانەی تایبەت لەگەڵ چوار کۆمەڵگەی پزیشکی، ئەوانیش نەخۆشخانە تایبەتییەکانی(شاری پزیشکی ڕانیە، کوردستانی تایبەت، دۆستی تایبەت) و کۆمەڵگە پزیشکییەکانی(سینا، سمارت، بەخشین، میلەت).

**دووەم: تەوەرەکانی چاوپێکەوتن:**

- چەندپرسیارێک دەربارەی گۆڕاوی سەبەخۆ کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.
- چەند پرسیارێک ڕەنگدانەوەی گۆڕاوی شوێنکەوتەیە، کەبازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانە، لەڕێگەی پلاتفۆڕمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

| ژ | ناوی سیانی | دامەزراوە | پۆست | بەروار | ماوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | محمد صاڵی احمد | کۆمەڵگەی پزیشکی سینا | بەڕێوەبەر | ٢٠٢٥/٧/٣١ | ٣٠خولەک |
| ٢ | حسن حاجی احمد | شاری پزیشکی ڕانیە | ل. کارگێڕی | ٢٠٢٥/٧/٣١ | ٢٥خولەک |
| ٣ | محمد رسول فقێ | تاوەری تەندروستی سمارت | ل. میدیا | ٢٠٢٥/٨/٣١ | ٣٠خولەک |
| ٤ | حمید لطیف طه | ن. کوردستانی تایبەت | بەڕێوەبەر | ٢٠٢٥/٨/٣١ | ٢٥خولەک |
| ٥ | عوسمان محمد وسو | ن. دۆستی تایبەت | بەڕێوەبەر | ٢٠٢٥/٨/١ | ٢٥خولوک |
| 6 | خیرالله عوسمان محمد | کۆمەڵگەی پزیشکی بەخشین | ل. کارگێڕی | ٢٠٢٥/٨/١ | ٢٠خولەک |
| 7 | کاروان حسێن احمد | کۆمەڵگەی پزیشکی میللەت | بەڕێوەبەر | ٢٠٢٥/٨/١ | ٢٥ خولەک |

خشتەی ٢ ناوی بەشداربوان و شوێنی کارکردنی بەشداربوانی چاوپێکەوتنی زانستی ڕون دەکاتەوە..

**سێیەم: شیکردنەوەی چاوپێکەوتنی زانستی**

توێژەر بۆپاراستنی ناو و تایبەتمەندێتی نەخۆشخانەو کۆمەڵگە پزیشکییەکان، ژمارە(کۆدی) تایبەتی بۆ هەریەکێکیان داناوە، کە لەلای توێژەر پارێزراوە، لەجیاتی ناوەکانیان (کلینک+ژمارە)ی بەکارهێناوە.

**تەوەری یەکەم: بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

پ١: ئایا بەش و ستافی تایبەت بە میدیاو بازاڕسازیتان هەیە؟

هەریەکە لە کلینکی تەندروستی(٤،٣،٢) بەش وستافی تایبەت بە میدیاو بازاڕسازییان هەیە، هەرچی کلینکی تەندروستی (٧،٦،٥،١) ن بەش و ستافی تایبەت بە میدیاو بازاڕسازییان نییە.

پ٢: ئایا چ ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ بازاڕسازی و برەودان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان؟

زۆربەی کلینکە تەندروســـتییەکان، تەنها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە لە ئێستادا هاووڵاتییان بۆدەستکەوتنی زانیاری زیاتر پشت بە مۆبایلی زیرەک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن بەراورد بە ڕادیۆو تەلەفزیۆن. لە هەمـانکـاتـدا پێیـان وایە بەکـارهێنـانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان تێچوی زۆر کەمترە بەراورد بە ئامرازەکانیتر. جگە لە کلینکی تەندروست (٦) کە جار جار تەلەفزیۆن بەکاردەهێنێت بۆ ڕیکلام کردن،

پ٣: زیاتر کام تۆڕەکۆمەڵایاتییەکان بەکار دەهێنن ؟ بۆچی؟

تێکڕای کلینکە تەندروستییەکان لە بەکارهێنانی فەیسبوک هاوبەش بون، هەریەک لە کلینکی تەندروستی(١)و (٣) و (٧) تۆڕی (ئینســـتاگرام)یش بەکاردەهێنن، هۆکارەکەشی بۆئەوەدەگێڕنەوە پێیان وایە زۆرینەی هـاووڵاتییان بەپلەی یەکەم (فەیسـبوک) و (ئینسـتاگرام) بەکاردەهێنن بەڵام کلینکی (٢) هەرسێ تۆڕی (فەیسـبوک وئینسـتاگرام وتیکتۆک) بەکاردەهێنن.

پ٤: بۆ ڕیکلام کردن زیاتر پشت بەکام لەم ڕەگەزانەدەبەستن(نوسین، وێنە، ڤیدیۆ)؟

تیکڕای بەشداربوان هاوڕابون لەسەر ئەوەی پایامی ڤیدیۆیی لە ئێستا کاریگەرترین ڕەگەزە بۆگەیاندنی پەیام و زانیاری، هەریەکە لە کلینکی (٢،٣،٤،٥) زۆر پشـت بەپەیامی ڤیدیۆیی دەبەسـتن. بەڵام کلینکی (١) زیاتر کار لەسـەر تێکسـت و وێنەدەکات. دەشی هۆکارەکەی نەبونی بەش و ستافی تایبەت بە میدیا و بازاڕسازی بێت.

**تەوەری دوەم: بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆبازاڕسازی:**

پ١/ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان چ ڕۆڵێکیـان هەیە لە برەودان بەکـاڵاو خزمەتگوزاری و نـاسـانـدنی (کلینکە تەندروستییەکەتان؟

بەتێکڕا لەسەر ئەوە کۆک بون، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەبازاڕسازیدا، بەهۆی زۆری بەکارهێنانی لەلایەن هاووڵاتییانەوە هەر ئەوەش بۆتە هۆکارێکی گرنگ زیاتر پشت بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببەستن بۆڕیکلام کردن و برەودان بە خزمەتگوزاری و ناساندنی کلینکە تەندروستییەکانیان.

پ٢/ زیاتر ڕیکلام بۆکام بابەت یان خزمەتگوزاری تەندروستی دەکەن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە؟

هەمو کلینکە تەندروســـتییەکان لەســـەر ئەوە کۆک بون، کە هیچ بوارو بابەتێک پشـــتگوێ ناخەن، بەڵام کلینکە تەندروستیەکانی (٣)و(٤) زیاتر کار لەسەر چالاکی پزیشـەکەکان دەکەن، لە بەرامبەردا، کلینکی تەندروستی (١) جەختی زیاتر لەســەر خزمەتگوزاری و کوالێتی و هەرزانی دەکاتەوە. لە هەمانکاتدا کلینکی تەندروســتی(٥) زیاتر کار بۆناســاندنی بەشــەکانی کۆمەڵگە پزتشــکییەکەیان دەکەن. هاوکات کلینکی تەندروســتی (٢) جەخت لەســەر بابەتی ڕۆژو زانیاریی پەیوەست بە ژیانی هاووڵاتییان دەکاتەوە. لە کۆتاییدا کلینکی تەندروستی(٧) زیاتر بایەخ بەو خزمەتگوزارییانە دەدەن کە لای خۆیان دەست دەکەوێت.

پ٣/ کاردانەوەی هاووڵاتییان چۆنە بۆ ئەوبابەتانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویاندەکەنەوە؟ چۆن هەڵسەنگاندنی بۆدەکەن؟

لەو ڕووەوە هەمویان تێڕوانینێکی هاوبەشـیان هەبو لەســەر ئەوەی هیچ دامەزراوەیەک بەدڵی هەمو خەڵکی نابێت، بۆیە بەشـێک لە کاردانەوەکان سـلبین، بەڵام زۆرجار هاووڵاتییان خۆیان وەڵامی کۆمێنتە سـلبییەکان دەنەوە. لەکاتی پێویستدا ئادمینەکانیش وەڵام دەدەنەوە. کلینکی تەندروستی (١) و (٣) و (٤) و (٦) پێیانوایە زۆربەی تێبینی هاووڵاتییان لەسەر نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییە بۆیە بەردەوام کار سەر داشکاندن و هاوکاری هاووڵاتییان دەکەنەوە، ئەمەش دەکرێ هۆکارەکەی بۆ ئەو بارودۆخە ئابورییە بگەڕێتەوە، کە دواکەوتنی موچەو کەمبونەوەی هەلی کار و لاوازی بازاڕە. بەڵام

کلینکی تەندروســـتی (٥) پێیوابو کاردانەوەی خەڵک زیاتر لەســەر هەڵســوکەوت و مامەڵەی پزیش و کارمەندانە، بۆیە کاردەکەن بۆئەوەی بەباشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدابکەن.

پ٤/ زیاتر لەچ ڕویەکەوە سودتان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتوە؟ ناساندنی دامەزراوەکە، پزیشک و پسپۆڕییەکان، یان خزمەتگوزارییەکان؟

بەپێی وەڵامەکانی بەشداربوان دەردەکەوێت هەمویان سودیان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتوە بۆناساندنی کۆمەڵگە کلینکە تەندروستییەکانیان، پاشان ناساندنی پزیشکە پسپۆڕەکان، دواتر بەش و خزمەتگوزارییەکان. بەتێکڕا لەسەرئەوە کۆک بون پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان ناساندنی پزیشک و کلینکە تەندروستییەکانیان.

پ٥/ ئاستی بە دەمەوەچونی کلینکەکەتان چۆنە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازی و داواکاری هاووڵاتییان؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارە زۆرینەیان کۆک بون لەسەرئەوەی سەرنج وتێبینی هاووڵاتییان بەهەندوەردەگرن، بەدواداچون بۆ ســـەرنجەکان دەکەن ئەگەر پێویســـت بە گۆڕانکاری بکات ئەوا گۆڕانکاریش دەکەن، بەگوێرەی توانا و گرنگی داواکارییەکە. تەنها کلینکی تەندروســـتی (٧) نەبێت کە زۆر گرنگی بە کۆمێنت و بەدەمەوەچونی داخوازی هاووڵاتییان نادەن، دەشێ هۆکاری ئەمەش ئەوەبێت کە ئەو کلینکە تەندروستییە بەش و ستافی تایبەت میدیاو بازاڕسازییان نییە.

پ٦/ ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەکلینکەکەتان چۆن هەڵدەسەنگێنن بەڕێژەی سەدی؟

تێکڕای کۆمەڵگە پزیشکیەکان کۆک بون لەسەر گرنگی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەریەکەیان بەگوێرەی چالاکی و تێڕوانینی خۆیان ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان لە بازاڕســـازی خزمەتگوزارییە تەندروســـتییەکاندا خســـتەڕو، ئەوە خەمڵاندنێکی خودی کلینکە تەندروستییەکانە، وەک لەم خشتەیەدا دیارە.

ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروسستییەکان، لە ڕوانگەی بەڕێوەبەری یەکە ئیدارییەکانی کۆمەڵگە پزیشکییەکانەوە.

| کـــــــــــۆدی کۆمەڵگەپزیشکییەکان | ڕێـــــــــــــژەی هەڵسەنگاندنیا | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| ١ | ٪٣٠ | ٣٣.٥٧ | ١٩.٣٠ |
| ٢ | ٪٥٠ | | |
| ٣ | ٪٤٠ | | |
| ٤ | ٪٨ | | |
| ٥ | ٪٥ | | |
| ٦ | ٪٥٠ | | |
| ٧ | ٪٥٠ | | |

خشتەی ٣ ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبازاڕسازی خزمەتگوزارییە تەندروسستییەکان، لە ڕوانگەی کۆمەڵگەپزیشکییەکانەوە ڕوندەکاتەوە.

وەک لەخشـــتەی(٣) دەردەکەوێت، کۆمەڵگە پزیشـــکییەکانی(٢،٥،٦،٧) ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕســـازیی خزمەتگوزارییە تەنـدروســـتییەکـانـدا بەڕێژەی(٥٠٪) دەخەملێنن. هەرچی کۆمەڵگەی پزیشـــکی (٥) ڕۆڵی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا بە(٥٪) دەخەملێنێت. لەکاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی ناوەندەژمێرەیی بریتییە لە(٣٣.٥٧).

## دەرئەنجام:

**١.** دوای شـیکردنەوەی داتاو زانیارییە بەدەسـتهاتووەکان، دەرکەوت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە بازاڕسـازی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بە ڕێژەی(٣٣.٥٧٪).

**٢.** تۆڕی فەیسـبوک پلەی یەکەمی گرتوە لە بازاڕسـازی خزمەتگوزارییە تەندروسـتییەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی فەیسـبوک و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشـکەشی دەکات. و ئینسـتاگرام پلەی دوەمی گرتوە ئەویش یەکێکیترە لە تۆڕەکانی کۆمپانیای مێتا.

**٣.** ناوەندە تەندروستییەکان بەئاستێکی زۆر بەرز پشت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن بۆبازاڕسازی خزمەتگوزاری تەندروسـتی. ئەمەش بەهۆی ئاسـت بەرزی ئەو خزمەتگوزارییانەوەیە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێشـکەشی بەکارهێنەرانی دەکات.

**٤.** ئەو کلینکە تەندروسـتییانەی بەش و سـتافی تایبەت بە میدیایان هەیە، چالاکیی بازاڕسـازییان زیاترە و ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبازاڕسازیدا بەرزتر دەخەملێنن، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە ستافی میدیایی ئەکادیمیتر کاردەکەن و کاتی زیاتر بۆ میدیاو بازاڕسازی تەرخان دەکەن.

## ڕاسپاردە:

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات،

١- گرنگیدان بە بازاڕسـازی لە ناوەندەکانی تەندروسـتی، بەکردنەوەی بەشی میدیاو دامەزراندنی کەسی ئەکادیمی و شارەزا بۆ بەڕێوەبردنی بەشەکە.

٢- پێویسـتە لەسـەر ناوەندە تەندروسـتییەکان بە وریاییەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارنەهێنن، بەتایبەت لەکاتی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەبەکارهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە وردی و وریاییەوە مامەڵە بکەن.

٣- ناوەندە ئەکادیمییەکانی بواری ڕاگەیاندن، کار لەسەر ئەوە بکەن، کادری میدیایی لە بواری جۆراوجۆردا پێبگەیەنن.

٤- پسـپۆڕانی بواری بازاڕسـازی پێداچونەوە بە توخم و ڕەگەزەکانی ئاوێتەی بازاڕسـازی و ئاوێتەی برەوپێدان بکەن، بەجۆرێک لەگەڵ دنیای ئەمرۆی پێشکەوتوی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردندا بگونجێت.

٥- لەبەرئەوە چیتر میدیا بەتەنها میدیای حزب و کۆمپانیاکان نییە، بەڵکو میدیای ئێستا هی هەمو خەڵکە بۆیە پێویستە گرنگی بدرێت بە پەروەردەی میدیایی لە ناوەندەکانی خوێندن، بۆئەوەی نەوەی داهاتو، وەها پەروەردە بکرێن بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ میدیادا بکەن.

## سەرچاوەکان:


تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران و ڕێشاوی ، یەحیا عومەر(٢٠٢٠) (میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی

ڕێشاوی، یەحیا عومەر و تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران(٢٠٢٣) (نوسینی تەوێژینەوەی میدیایی) چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

سادق، زانا مەجید(٢٠١٩) (بازرگانی ئەلیکترۆنی) چاپی یەکەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

عەبدولڕەحمان.، فرمان. (٢٠٢١) (ڕێبەری ڕۆژنامەوانی مۆبایل) چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، عەدالەت(٢٠٢٤) (ئابوری میدیا) چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

محەمەد، بەهادین ئەحمەد(٢٠١٩) (پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندن)، وەرگێرانی ڕابەر رەشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

سلێمان ، عومەر کاکل(٢٠٢٤ ) 'بەرپرسارێتییە ئیتیکی و یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لەمیدیای نوێدا'، کۆێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

عبدالله ،هێمن محمد(٢٠٢١) 'بەگەڕخستنی پەیوەندییەگشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کونسوڵخانە بیانییەکان لەهەرێمی کوتدستاندا'، کۆلیجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

ئەحمەد، نەوشیروان فەرەج(٢٠٢١) 'ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەبازاڕگەری بۆزیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن'، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی.

جاسم، محمد خالد (٢٠١٢) (مبادئ التسويق) منشورات جامعة بحث قسم الأقتصاد، حمص.

العلاق، بشير عباس و علی، محمد ربابعة(٢٠١٠)( الترويج و الاعلان التجاري) دار البازوري العلميةللنشر والتوزيع، عمان.

الفقی، ابراهيم(٢٠٠٩) (أسرار التسويق الاستراريجى) درب الاتراك القاهرة.

ليفنسون، بول(٢٠١٥) (أحدث وسائل الإعلام الجديدة) دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة .

محمد، عبده حافظ.(٢٠٠٩) (المزيج الترويجى البيع المباشر والديعاية) دار الفجر للنشر والتوزيع القاهرة.

المنصور، هانی حامد، احمد محمود زامل(٢٠١٣) (التسويق الدولی) الشريكة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات ، القاهرة.

جدوع، أحمد محمد(٢٠١٩) 'تسويق الخدمة المصرفية ودورها في تحقيق الأداء المتميز'، كلية الادارة والاقتصاد في جامعة القادسية، رسالة ماجستير.

زمال، آمال و جدى،الهام(٢٠٢٠) 'دور مواقع التواسل الآجتماعى فى نشرالتوعيه'، كليه العلوم الآنسانيه والآجتماعيه، جامعه العربى التبسى رسالة ماجستير.

عبدالرزاق، رأفت مهند(٢٠١٣) 'دور مواقع التواصل الأجتماعي في تشكيل الوعي السياسي'، جامعة البترا الأردنية كليةالآدابوالعلوم، رسالة ماجستير.

علی، محمد فاضل(٢٠١٧) 'دور شبكه الفيسبوک في تعزيز التوعيه الصحيه لدى جامعه الشرق الآوسط'، كليةالاعلام، جامعة الشرق الأوسط.، رسالة ماجستير.

مسعودی، راويه(٢٠٢٤) 'تسويق الخدمات الصحية'، كلية العلوم االقتصادية ، الجامعة الجزاحير، رسالة ماجستير.

نومار، مريم نريمان (٢٠١٢) 'استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتأثيره في العلاقات الاجتماعية'، كلية العلوم الإنسانية جامعة الحاج لخضر –باتنة، رسالة ماجستير.

بسيط، رزق غبريال (٢٠٢٠) 'تأثير التسويق عبر واسائل التواصل الأجتماعی'، المجلة العلمية للاقتصاد والتجارة مجلد ٥٠، ص ٤٤١-٤٨٦.

بن سعيد، الحسين بن اسعد(٢٠١٦) 'أثر وسائل التواصل الاجتماعي على سلوكيات وقيم الشباب من منظر التربية الإسلامية'، مجلة كلية التربية جامعة الأزهر ٣ص: ٣٢٥-٣٥٩.

الجعبری، مجدی احمد(٢٠١٥) 'القياس والاعتراف المحاسبی فی عمليات التجارةالألكترونية'، مجلة الأكاديمية العربية فی الدنمارک العدد ١٧ ص٣٣-٦٠

حقار، ملا حقار(٢٠٢٣) 'دور بحوث التسويق فى تطوير أداء التسويق السياحى'، المجلة العلمية للاكاديمية العربية فى الدنمارک عدد ٣٠.
منصور، حسام(٢٠٢٢) 'شبكات التواصل الاجتماعي: مدخل نظري لفهم الإيجابيات والسلبيات'، المؤتمر العلمي الدولي الافتراضي الموسوم ب: الإعلام الرقمي: المتطلبات وأفاق التغيير.المنعقد يومي ٢٥ و ٢٦ أكتوبر ٢٠٢٢ ب. جامعة مصراتة ليبيا.
وردة، مزراق,مير احمد(٢٠٢٠) 'اثر الاعلان بأستخدام شبكات التواصل الأجتماعى على الولاء العلامة التجارية'، مجلة العلوم االقتصادية والتسيري والعلوم التجارية ٥٤٢-٥٥٧.
يونس آل مراد, نيبال محمد ,محمد محمود حامد الملاحسن .٢٠٠٩" . دور عناصر المزيج الترويجي في تسويق خدمة ".تنمية الرافدين العدد ٩٤ مجلد ٣١ ٣٥-٥٣.
بونلاين.نيت (٢٠٢٤) التسويق الصحي، الموقع: .https://2bonline.net/health-marketing/ . تم الاتلاع عليهفى٢٠٢٥،٥،٢٣
دفترة (٢٠٢٣) البيع-الشخصي الموقعhttps://www.daftra.com/hub/ .، تم الاتلاع عليه٢٠١١،١٢،٢٤
دليل تعليم التسويق (٢٠٢٣) الموقع /https://altaswieq.com، تم الاتلاع عليه٢٠٢٤،١٢،٢٤
المعاجم العربية(بلا تاريخ) 'المعانى'، الموقع www.almaany.com/ar/dict/ar-ar ، تم الاتلاع عليه ٢٠٢٥،٤،١٩
منظمة الصحة العالمية العالمية(٢٠١٩) اطار الخدمات الصحية المتكاملة التى تركز على الناس' الموقع . https://www.who.int/ar، تم الاتلاع عليه٢٠٢٥،٣،٢٣
لهاميم(٢٠٢٤) انواع التسويق https://lhamim.com . انواع التسويق، تم الاتلاع عليه ٢٠٢٥،٢،١٨
اكسپاندا كارت(٢٠٢٢) ' انواع-التسويق-الالكتروني-نظرة-عامة' /https://expandcart.com/ar تم الاتلاع عليه ٢٠٢٤،١١،١٢

Brian D G, Jones, and Shaw, Eric H(2002) (A History of Marketing Thought Florida Sage), PublicationsEditors: Barton A. Weitz and Robin Wensley.
Dan, Zarrella, and Zarrella Alison(2011) (Thr Facbook Marketing Book) Newgen USA: O`Reilly Media.
DonahueKim(2022) (Marketing) indiana, -ShareAlike 4.0 International License.
Gronroos, Christian(2015) 'Service Managment and Marketing, Managing the Service Profit Logic'. Typed NewDelhi, Printed UK: John Wiley & Sons Ltd, Fourth Edition.
kotler, philib, and kevin lane keller(2012)(Marketing Menagement) New York: Prentice Hall.
Linjuan, Rita Men, Grace Ji Y., and Fai Chen Zifei(2020) (The Functions of Public Relations in Startups) Strategic Communication for Startups and Entrepreneurs in China. London: Routledge, UK.
Rechard K, Tomas(2020) (Marketing Health Service) Science+Business Media, LLCFourth Edition.
Simon , Kingsnorth(2022) (Digital Marketing Stratigy) New York: Kogan Page.
Alden, Sara L(2011) 'The Role of Social Media in Public Health Marketing' submitted to the faculty of the University of North Carolina at Chapel Hill. Master's Paper.
Chawdhary, Muhammad Umair(2021) 'Impact of Instagram as a Tool of social Media Marketing' Media and Communication Review(MCR). University, Lahore, Pakistan, Master.
Fadhilah, Nurul (2023) 'The Role of Social Media in Health Promotion Efforts' master in art Universitas Sriwijaya, Sumatera Selatan, Indonesia, Master.
Maha , El Tarabishi , Soliman Elguindy Salwa, and Ahmed Manie Radwa(2021) 'The Role of the Social Media in Raising the Level of Health Awareness among University Youth'

Pandjaitan, Rosmawaty Hilderiah(2024) 'The Social Media Marketing Mix Trends' Universitas Mercu Buana , master.

Andrew, Duffy, Ling Rich , Kim Nuri , Tandoc Edson, and Westlund Oscar(2020) 'Mobiles, Mobilities and Their Meeting Points', Digital Journalism, article, VOL. 8, NO. 1, p:1–14

Anjani, salsabilla, and ,Diansanto Prayoga(2024) 'Effective Hospital Health Marketing Strategy' LiteratureReview' MPPKI (September, 2024) Vol. 7 No. 9.P: 2268-2272.

Dan V. Dao, Ph.D(2015) 'Social Media Classification Scheme in Online Teachint and Learning A Consideration for Educators' International Journal of Education and Social Science. Vol. 2 No. 4; April 2015,P:85-94.

Gautam, Pratyush(2022) 'UNDERSTANDING THE MARKETING MIX' IJRAR, Volume 7, Issue 1 , P:582-585.

Lambrini , Kourkouta, Iliadis Christos, Sialakis Christos , Adamakidou Theodoula, Ouzounakis Petros, and Kleisiaris Christos(2021) 'Quality of health services' World Journal of Advanced Research, P:498-502

Naomi, Katherine May, Max Scholz Douglas, Matthew A, alex myers matthew, margaret rae shivani, Elmansouri Ahmad, Hall Samuel, and Border Scot. (2019) "Reviewing the Role of Instagram in Education" Medical Science Educator. N.29 P:1117–1128

Oliyad and , Shimels (2011) 'The Effects of Promotional Mix Strategies on Organizational Performance'Evidence from Systematic ،Review of Literature. International Journal of Business and Economics Research.vol 10. Issue 6

Saliha, Özpınar, and Taner; Şafak.(2015) "The Evolution of the Concept of Health Services." Global Advanced Research Journal of Medicine and Medical Science,Vol. 4(9) pp. 394-401.

Sandeep , Ponde , and Jain Arjita(2019) "DIGITAL MARKETING: CONCEPTS & ASPECTS." international journal for advance research. No10. P:260-266.

Thomas, Laiby, and Subramanya, Bhat(2020) "An Overview of Facebook’s Journey to Meta A Case Study" International Journal V.6, N.1, P: 268-287.

Andy, Founder(2022) 'digital-marketing'. https://distributedigital.co.uk/ . Accessed november 12, 2024

Backlinko, Team(2024) 'Facebook User & Growth Statistics' https://backlinko.com/facebook-users.Accessed October 8, 2024.

Blueprint,ByMeta(2021) .https://www.facebook.com/business/industries/financial-services. Accessed August 5, 2025.

Borkakoty,Krishma(2025) ' social-media-content-creation' https://www.sprinklr.com/blog/ Accessed August 5,2025.

Dictionary.cambridge.org 'social-media' https://dictionary.cambridge.org Accessed march 18, 2025.

dictionery,oxford.n.d 'marketing' https://www.oxfordlearnersdictionaries.comdefinition Accessed December2,2024

Datareportal (2025) 'global statshot' https://datareportal.com/reports/digital-2025-july-global-statshot. Accessed augest 5, 2025.

Editor of Encyclopaedia Britannica(2025) 'Social Media) https://www.britannica.com/topic/social-media Accessed august 22, 2025.

Hootsuite(2026) 'Create engaging and effective social media content' . https://help.hootsuite.com/ Accessed August 5, 2025.

Katherine, Paljug(2025) 'Social Media Definition, Importance, Top Websites, and Apps' https://www.investopedia.com/terms/s/social-media.asp. Accessed april 17, 2025.

Kelwig, Donny(2023)'Sales promotion: Definition, examples, and types
' https://www.zendesk.com/blog/sales-promotion. Accessed 23.4.2025.

Molenaar, Koba(2025) 'Social Media in Healthcare: Benefits and Best Marketing Strategies' https://ninjapromo.io/social-media-marketing-in-healthcare, Accessed august 22, 2025..

Oed.com/dictionary(1994) 'Social Media' https://www.oed.com/dictionary/social-media. Accessed December 22,2024

Pallipedia.org.(2018) 'ealth- Service' https://pallipedia.org/health-service/ Accessed october 29, 2024.

Stacy, Jo, Dixon(2025) 'Most popular social networks worldwide as of February 2025, by number of monthly active users march 26,2025' https://www.statista.com/statistics/272014/global-social-networks-ranked Accessed april 18,2025. .

Thepaymentsassociation.org(2022) 'The History of Social Media Marketing' https://thepaymentsassociation.org/article/the-history-of-social-media-marketing/ Accessed december 20, 2024.